# یەڵدای شـــــــووم

شیعر

دەفتەری یەکەم

*جەلیل عەباسی "قەقنەس"*

***ناسنامە :***


- یەلدای شووم (شیعر/ دەفتەری یەکەم)
- جەلیل عەباسی (قەقنەس)
- پیت چنیین: ئەدەەم عەباسی
- بەرگ: نزار نوری
- دیزاین: چیمەن نوری
- چاپی یەکەم
- چاپخانە: دەرەوەی هەرێم
- تیراژ: ٥٠٠
- ژمارەی سپاردن: لە بەرێوەبرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان-هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ( )ی پێ دراوە


***"دیاری شوانەی یا شنگینە یا هاڵەکۆکی"***

**یەلدای شووم**

بـــــۆ
ڕێز نان لە ئەشقی زوڵاڵی کێوی ئاهوورا
و
بە دیــــــاری
بۆ هاوڕێی تەنیایی و تەنگانەم
"*بەفـــــراو*"ە فێنکەکەی تەختی سان
و
"*ئەدهەم*"ی کۆرپە
و
"*کانی*"ئاوە زوڵاڵەکەی نوەیجەڕی سەربەرز.
قەقنەس

## *وەرخوان...؟!!!*

رەنگا ئی دەفتەرە شیعرییە، کە یەکەمین دەفتەرە شیعری بڵاو کریاوەما، پەی وێش چیرۆکێوە تایبەت و دوور و درێژش بۆ، چیرۆکێوە، شیاوو واتەیۆ و وانایۆ، بەڵام نە من ماچووشۆ و نە شمەیچ واندێشۆ.. با مەنۆ پەی وەختێتەری و بۆنێوەتەری. هەر ئاندە ماچوو: من گڕوگاڵو شیعرێ کرچوکاڵێم جە ساڵەو (١٣٥٧)ی روجیاریۆ دەسپەنە کەرد،

**قەقنەس**

ویرما جە (ئینشا)یەوەنە، پەی یەکەمجاری باسو دەگاو کێمنەیم کەردەبێ بە شیعرێ و بەرزتەرین نمرەم ئارد (١٩/٥). ئێتر زەمەن لوا وەرۆ و منیچ هەرچەنی گڕوگاڵی بیا. ساڵەو (١٣٦٠)ی روجیاری، چێرو کاریگەری رەوتی تازەو شیعری فارسیێ و کوردیێنە، هەرپێسە گڕوگاڵی تازەی، هەوڵمدا شیعرەکام جە قەفەزو سەروواینە ئازادێ کەروو، بەڵام کێشیچم چەنە ماڕێ و کریۆ واچوو نەبیێ پا شیعرا کە زەوقم وازێش، بەڵام هەرپا کرچوکاڵیە سەرش لوانێ و ئێتر هەر بنویسە و هەر دڕەشا، یەکەم شیعرەو ئی دەفتەریۆ (بەرو ڕەنجی)، ئێتر نەدڕیێم و بەهەمان لاوازی درێژەم داپەنە، چاوەختەنە مانگنامێوە چاپ کریێ بەنامێ (ئەسحاب انقلاب)ی کە تاییەت بێ بە (وێشا واتەنی) مەحاڵە کوردنشینەکا و لاش کەردەبێ لاو شیعر و ئەدەبی کوردیرە، لازما واچوو تاقە مەجەلە بێ کە ئێ بەرۆ، فرەو شۆنەو ئادیرە ئاوێنە و سروە کەوتێ ڕا و دماتەریچ.....

من پایزو ساڵەو (١٣٦٠)ی دوێ یەرێ شیعرێ و بابەتێ کۆمەڵایەتیم پەی کیاستێ، تمەز بابەتەکە بەدڵو ئادیشا نەبیەن و جە شیعرەکایچ تەنیا (سزاو ئەنەیاوای)شا چاپە کەردێبێ و ئەوێتەرێ هیچ. پیجۆرە ئی شیعرێ بیە بەیەکەمین بەرهەمی چاپکریاو من ( و ئەڵبەت یەکەمین ئەزموونو شیعرێ نەوێ هۆرامیێ جە رۆ زیاو کوردستانی) کەداخەم مەشۆ نە مەجەلەکەم مەنەن و نە مزانوویچ

**یەلدای شووم**

هینو چ رێکەوتێ بێ بەدیاری. ئەجۆم ساڵەو (١٣٦٢)ی بێ شیعرێ تەرەم هەر چاگە چاپە کریا و ئێتر جاروبار شیعرێم جە بەرنامەو هەورامی رادیۆ سنەینە و بەدەنگو گیانشاد (سەید حسێن حسێنی) وانیێنە تا ساڵەو (١٣٦٤)ی کە وێم لوانێ رادیۆ و بیا پێشکەشکارو بەرنامەو هۆرامی.

کریۆ واچوو جە (١٣٦٥) بەدما کەمێ ئاڵوگۆڕ جە هەناسە شیعریەکامەنە درۆس بی و کەمێ جە گڕوگاڵی کۆتا و تاوام هەنگامێ وردیلێ بنیەو جە شیعرێ نەوێ هۆرامیەنە.

دماتەر هەناسێوە مامۆسا عوسمان محەمەد هۆرامیم کۆت گۆش و زانام وێم تاق نیەنا، دماو ئادیچی هامفەردی وەشەسیام و دۆس و رەفێقی ئازیزم (رەوف کەیلاو)م ئەژناسا و باسم جەنی کەرد و وەشبەختانە ئادیچ بی هامڕام و ئێتر هەنگامەکێما گورجتەرێ کەردێ.

ساڵەو (١٣٦٨)ی ئی دەفتەرە تا سەرەتاو هەمانساڵی ئامادە کریا و دریا وەزارەتو ئێرشادی بەڵام نەتاواش ئیجازەو چاپی ورگێرۆ، چەنی دماکۆتەیش منیچ هەر سەرش لوانێ و تا ساڵەو (١٣٧٥)یم پەنە زیاد کەرد. ئانا ئیسەیچ کە شش حۆت دەفتەرێ تەرێش ئامێنێ سەرەرە، تازە دنیاو بەری وینۆ و گنۆ وەردەسو شمەی ئازیزی.

بەهەرحاڵ، ئینە ئەزموونی سەرەتایی منا جە شیعرەنە کە جەساڵەو (١٣٦٠ی ک.ر)وە دەسپەنە

کەرۆ. ئەڵبەت شۆنەو دڕیەی و فەرامۆش کەردەی چند دەفتەرێوە، کە دماتەر وێچم خوەم ئێ پەنەشا، بەڵام رەنگا چێگەیچەنە بڕێ هەناسێ با کە بەدڵو ئا وەشەویسا نەبا ئیسە ئی دەفتەرشا ئینا وەرو دەسینە، لازما واچو، بێئانەی هیچ لایەنگێرییەشا چەنە کەرو، بە بەشێوە زیندەشا مزانو جە یادەوەرییەکام و هەر پەوکەیچ وستێم دوەتۆو ئی دەفتەریە..
بەهەرحاڵ ئی ئەزموونە گێڵۆوە پەی وەڵێ حەفتایەکاوساڵێ رووجیاریێ و تا ساڵەو (1375)ی ئامان و چاولای، ماوێوە چەنی شیعرێ جە یۆی توریایمێ و دماتەر ئاشتێ بیەیمێ کە دماتەر جە دەفتەرێ جیاجیەنە واندێشاوە...
و...
"صراف سخن باش سخن بیش مگو"
جەلیل عەباسی "قەقنەس"
مەریوان ۱۳۷۵/۱۰/۱۹ (۱۹۹6)

# یەڵدای شـــــــووم

## بەرو ڕەنجی

کناچلێ گیان
بۆ بابلمێ
بەگڵە کەندەی
با... بەڕەزا
و
بەگڵە کەنمێ پەی وێرەگای
خاس بزانە
بەگڵەکەما
چا گۆشتیە کەدەوڵەمەند وەرۆش هەزار جار
وەشتەرا
چونکە رەنجو دەسامانە
بەڵام...
گۆشت و دەوڵەمەندی...؟!

١٣٦٠/٢/١٠

**یەلدای شووم**

## ***شەڕ***

من...
 لەمەو خاکیم
بەگاسن مەبڕوو...
مەدڕوو....
مەکاڵوو
سینەش مەکەرو دوتۆی کتێبی ژیانی مەردەم.
بەڵام تۆ... دژمەن
بە سیاوبارووت کینە مەسۆچنی
فەرد وەش مەزموون
دوتۆی کتێبی وەخامەی گاسن
نویسای خاکم.

بەهاری ١٣٦٠

## ***تۆڵە***

(شەڕەقسەو کوڕە هەژارو دۆڵەمەندێ)

دارا: ئێهێ... ئێهێ
من پاتۆلێ وەشێ هەنێم تۆ نیەنێت
نادار: ڤی ڤی... ڤی ڤی
دەی تاتەو تۆ ژەلش فلەن.
دارا: ئەی تاتەو تۆ ژەلش نیا؟
نادار: نا
دارا: چی؟
نادار: چونکە تاتەم
ئێشال هەلچی کیالەش کەددە تاتەیت وادده
دارا: دەی چی واددەش؟
نادار: چونکە تاتەت ژول دالمانە
دارا: گیان... لیلم بۆ تاتەم ژۆلش هەن ملشالە.
نادار: ئێهێ... ئێهێ
جا...
با...
ئێمە...
ژلێ بیمێ!...

١٣٦٠/٣/٥

## ***سزاو ئەنەیاوای***[1]

ژەرەژێ وات... مەزانو چی

---

[1] جە ژمارە (...)و مانگنامەو (ئەسحاب انقلاب)ینە چاپ کریا

**یەلدای شووم**
ژەرەژەکێ... جەزوانیم مەیاوانە
دایم ماچوو:
دووریێ گندێ... وێتا نیشانە مەدەیدێ
قاقبووەکەم رەمزا... یانی
وێشاردێوە.
بەڵام... بەڵام
مەیاوانە... و مەیا... وەرۆ
ئێتر تەقە و تفەنگین... و
ونێ سوورەو ئادیشانە
بوبە خەنێ کویسانی.
دماییچ ماچا
ژەرەژەکێ... وێوەرەنە؟
مەیاوانە
نا داخەکێم... مەیاوانە.
مە، یاومێنە
زانمێ قاقبوش
یانی نزیکێمەگندێوە
بەڵام ئێمە
ملمێ وەرۆ ... ئاماوجارێ
پەیمارێك کەوت... و
تاواما
رەفێقە پەل بەسیەکێما
نەجات دەیمێ
کەچی هەمیشەو زەمانی نەخشەکەما
کەوتەن چێرو تەمێ سیاو و سەختەو
فێڵا و تفەنگداری.

**قەقنەس**

هۆز و تفەنگدارەکەیچا،
مەیاوۆنە... و ماچۆ... ژەرەژ وێوەرۆوە.
ئینە سەیرا
هەمیشەو خوای
ئەنەیاوایما پەی وێما بۆزەرەرو...
نەیاواینەو تفەنگداری... و
هۆزەکەیچش پەیش بۆ
قازانج... و... وەش کەیفی.

١٣٦٠/٤/١٧

***پێناس***

رازێ ژیوایش پەیم درکنێ
پەرسام...
پی گرد زەجرەبەیۆ سەرت ئامان
چەنی هەڵای بڕوام کەری؟
تۆکەجەمن ئەوەشیایا
دڵت مەڕیان؟.
واتش برا
تۆم خام بەوێ نەزانانی
بێهۆ بڕوام نەکەردەنی... و
ناما قووڵیچ سفرەو دڵیم نەیاوانەرە وەرتەنە
تەماشێوە پینەوپەڕۆ دەساتم کەرد
زانام زەجر دیەوەنی
هەر پێسە وێم
بێگانەنی
چەنی بێگاناو شەرەفی... و

**یەلدای شووم**
رازە و ژیوایم گێڵنا مۆپەی
پینەو دەسات.

هاوینی ٦٠

# بۆڵە

بێوەفا بێبەین بێشەرت و قەرار
بێڕەحم و مرەوەت شۆخ جەفاکـــار
دڵکەش، دڵستان، دڵبەر، دڵ جەسەنگ
دڵ پەڕ جەجەور و جەداڵ و جەفەنگ
ئاهووی ڕەم کەردەی کۆسار دەروون
شەمی خامۆشی دڵخانەی مەحزوون
بۆتی شکستەی میحراب خەیاڵ
هامڕاز مانگ و نەسیم و شەماڵ
ئازیز هیزی ئارو بێگانە
مورغ سەرکەش دایم بێلانە
تاکەی فکر و هۆش هەرنەشۆنت بۆ
دڵ تاکەی مەحبووس مەیل کۆنت بۆ
سەرتاکەی سەودای عەشقت نەتۆش بۆ
تاکەی تەن بەرگی مەلالەت پۆش بۆ
سابۆ وەخاتر جام جەمینت
بەشق قەلب سەرد پەڕقاروقینت

**یەلدای شووم**

یان دڵ ئازادکەر بشۆ وەڕای وێش
یان نیم نیگایێ کەرەم بکەر پێش
باوەس دڵ جەبەند بێ مەیلیت بەند بۆ
ڕۆح وەس پابەستەی زڵف کەمەند بۆ
با وەس چون ((قەقنەس)) تەن بۆ وە زوخاڵ
با وەس بکێشون هەناسان کاڵ

١٣٦٠/٧/١٥

# ئاشتی

باتۆ دەسگیرت تێخ و تفەنگ بۆ
من هەر سیلاحم نووکی خامەمەن
باتۆ سپەرت پۆڵای پەڕ رەنگ بۆ
من بەرگی کاغەز پەڕ چەکامەمەن
باتۆ سەنگەرت جەسیاسەنگ بۆ
من هەرگیان پەنام خەڵکی سادەمەن
باتۆ شەربەتت شەهد گوڵڕەنگ بو
من زووخاو دڵ نەجای بادەمەن
باتۆ مۆسیقات ئاواز چەنگ بۆ
من ئاهوزاری و دووی هەناسەمەن
باتۆ هەمیشە مەیلت وەجەنگ بۆ
من دایم سڵح و سەفا تاسەمەن
باتۆ ئەی ون وەر کارت نەیڕەنگ بۆ
من بەرگی راسی و وەفا جامەمەن
باتۆ چوون پەپووماوات بێدەنگ بۆ
من "قەقنەس" گوڵزار دڵان جاگەمەن

١٣٦٠/٨/٣

یەلدای شووم

## ***هەڵوێست***

بزنێك ئەیوت:
هاوڕێکانم لێم تێناگەن.
هەرچی ئەڵێم:
هاوڕێکانم!
ئەی نازانن شوانەکەمان گورگ خواردی و
نووکەش هەمان ئەو گورگەیە
بۆتە شوان؟
ئەویش بۆئەشکەوتمان ئەبا و
هەر هەموومان لەتاریکاییدا ئەخوات؟
باهەموومان مۆڵ بدەین و
هەرچی وتی: بڕۆن!
نەڕۆین.
وتی: بلەوەڕێن!
نەخۆین.
وتی: بنوون!
مۆڵ تێك دەین و هەموو, بڕۆین.
بەڵام... بەڵام...
هاوڕێکانم لێم تێناگەن.

١٣٦٠/١٠/١٥

## ***یـــــــاد***

دووبارە جەنۆ وە ڕۆیا و خەیاڵ
شیام وە وەتەن پاوەپای شەماڵ
شیام و سەیری سەربەرزان کەردم

## قەقنەس

عەتر گوڵزاران پەی هەردان بەردم
وە یاد ساڵان وە دنیا دیام
وە کۆو کەمەرو چیا پا نیام
پا نیام وە سەحن فیردەوس بەرین
وە هەوراگەو باخ وە حەوز وەرین
جە نۆ وەگەرد شەماڵ تێزپەڕ
سەیر کەردم هەمتەر ساراودەشتودەر
شیم وەنشینگەی یاران پارم
کەردم زیارەت خاك دیارم
شیم و دیم کێمنە بێدەنگ و خامۆش
گۆیا ویەردەش بیەن فەرامۆش
نە لەنجەولارەی درەختان تەڕ
نە شنەی نەسیم سۆبح سەرکەمەر
نە هەی هەی شوانە و باڕەباڕ مەی
نە هاژەهاژو ئاوەو سەرچەمەی
کۆن سۆسۆی چرای شەو زیندەداران
گەرمەی نەوای نەی شەوان بێداران
کۆن وەلوەلەی بەرز حەوز سەرهانە
کۆن زلفان خاو کۆن جام و شانە
کۆن زەمزەمەی ئەشق بەین جوانان
کۆن نازوعیشوەی خاڵ خەرامانان
نە نزای یاهووی پیرەمەردان بێ
نە نەوای ناڵەی دەردمەندان بێ
وڵات کش و مات پەپوو مەوانا
تۆم تەرس و بیم وە دڵ مەشانا
دیم هەیات ماتەن سەرچەمە سەردەن

**یەلدای شووم**
کەس وە میرووتمان گوزەر نەکەردەن
درەقوولە چۆڵ پیرەوەت بێدەنگ
وەراوەرە گرد زەرد بیەن بێڕەنگ
قەڵاو گاورا هەراس ئەنگێز بێ
وزەی وای نەسیم میحنەت ئامێز بێ
دوودەرێ تاریك باخو میرا چۆڵ
پەی پیرو حاجی گرەوام بەکوڵ
هەرزەلگا وێران وێرانێ خامۆش
نسارو مەرێ بیەن سیاپۆش
ناڵام: داد بێداد یە کامین حاڵەن
پەی چێش ئی بەهەشت ڕوو نە زەواڵەن
پەی چێش کەیمنە بێدەنگ و ماتەن
بێرواس خامۆشی ڕۆی سەربیساتەن
چی هانە گەرمڵە ڕەنگ وێش باختەن
کێن ئی سکووت و وێرانی ساختەن
ناگا وەلوەلەی ناڵەی زار دڵ
تاڵاو ڕاسی وەنەم کەرد حاسڵ
زانام چند ساڵەن ئەوزاع ئی تەورەن
چوون چەرخ فەڵەك مەیلش وە جەورەن
سا وە وێم واتم سەرشێت وەسەن وەس
تۆ پەی چێش جەستەت بیەن وە قەفنەس.
کرماشان، هاوینی ١٣٦٣

## کێمنە (کەیمنە) زێدی هونە

ئەو کێوستانە بـــــــــــەرز و بەڕێزە
ئەو دارستانــــــــــــە سەوز و بەهێزە
یا ئەو چـــــــــــەند ماڵە خاکو بەردینە
کە لەمێژ لانکــــــــــەی ئەشق و ئەوینە
ئەو ژینگە جوانەی کــــــــە وا بەسەدان
قەقنەس) و (عوسمان هەورامی)ی خولقان
کـــــــــەیمنەی بەرزی هونەر پەروەربوو
بەری باخیشی عیلم و هـــــــــــونەربوو
بەڵام ئەژدیهای جـــــــــــەنگ و وێرانی
سووتاندی و کـــــــــــــردی بە چۆڵەوانی
هاوینی ١٣٦٣

## تـــــــــاوان

نا...نا... مەکەن
ئەمڕۆش مەمدەن لەسێدارە!
با لاسایی هاوسێکانمان بکەینەوە.
ئەڵێن ئەوان...
تاوانباریش سزا بدەن
پێش هەڵواسینی...
پێیئەڵێن:
دوایین قسەت چیە؟ بیڵێ!
پێیان سەیر بوو, لای ئێمە قەد نەبووە و نابێ
تاوانبارێك بەرلەمردن
دوایین قسەی هەبێو بیکا!
بەپێی یاسا,
ئەمەش تاوانێکیتر بوو
ویستی بیری چەوت... و پووچەڵ
بچێنێتە خالی ناخمان
تاوان, لەوە خەستتر نابێ و
ئەبێدوجار
لەسێدارەبدرێو بمرێ.
جارێك بەهۆی
خۆشویستنی غەیری ئێمە و
جارێکی کەش بەتاوانی
داهێنانی وتە و بیری بێمە نامۆ

66/11/10

**یەلدای شووم**

# ***نەورۆزی من***

لەگەڵ نەورۆز
ئەبێ دڵیش نوێ بێتەوە.
پاش کڕێوە و بەفری زستان،
بارانێکی بەختەوەری بڕژێتەوە.
کەچی لەوڵاتی منا
نەساڵ تازە ئەبێتەوە...و
نەنەورۆزی نوێدێتەوە..و
نەدڵ هەیە بژێیەتەوە.
لەوڵاتە بەهار دزراوەکەی منا
هەر سەهۆڵە و
هەربەفری ساردی زستانە.
نەبارانی بەختەوەری و
نەکۆڵکە زێڕینەی جوانە.
وڵاتی من بێبەهارە
بێبارانە
وڵاتی من
ژێر چەپۆکی سەهۆڵبەندانی زستانە

نەورۆزی 64

# لافاوو ونێ[2]

ئاهای... وەرگی هار
پەی چێش ڕواسەت تالیم دێنەره
تامەیەکا گرد لەت و پار کەرۆ؟
ئاهای... وەرگی هار
بزانە... ونەو گردو مەیەکا
بۆبە لافاو..
و
وێت و ماباقی
وەرگەکایچ بەرو.

64/1/6

[2] جە ل، ۳۶ ژمارە (٤)و ساڵەو ۱۳۶۹ی روجیاری مەجەلەو (ئاوێنە)ینە چاپ کریا

# ئەنجام

هاخەنجەر وەدەس...
مزانوو پەرێ...
جگەر لەت کەردەیم مڵاست گێرتەن
لەت بکەر جەرگم
بەڵام بزانە... کەنووکی تێخت...
ئاخر، کول مەبۆ و پۆس نمەکەنۆ
ئاوەختە دێرتەن.

64/2/10

# ***پرسیار***

روە یاوۆ...
گێل تەرین خەڵکو وڵاتیم
گەورە زانایەکاو ئارۆی
کێشا چێرو پرسیاری
پەرسا... وەختە... خەڵکو زێدی
پێسە ئاهیرگێوە تەنیا... و
بێدەنگ مرێنێرە... شمە...
چکۆبێندێ؟...
چێش کەرێندێ**...**؟

64/3/1

**یەلدای شووم**

## جەنگ

ئەی جەنگ لەعنەت وەنەو تۆ
چون وەرگی دڕەندە خۆ
جیهانت کەرد رەنجەڕۆ
هەتیم وزی هەزاران
کاول مەکەری شاران
مەرگ مەوارنی چون واران
بە فیتفیتی ئیستیعمار
پەی سوودی سەرمایەدار
هەژاران کەری زامدار
پارێزنی خواو زەڕی
ونەو هەژاری وەری
نۆکەری زوڵمی کەری
ئەی جەنگ (قەقنەس) چەنی تۆ
گێتی هەتا گێتی بۆ
دوژمنەن مەگیرۆ خۆ"

64/3/14

# تەژنەیی

رووجیار...
وارنە پرشنگی نورت
زەمین بەس تەژنەی... نوری گەرمتە
رووووجیار...
سادەی
پاراوکەر دەمی سەردا وشك کەردەی زەمینی
خەمبار
کەی وەختی
قار... و
قین... و
شەرمتەن؟.

64/4/3

## ڕێواز

ڕووجیار.... قێڕناش...
هەوری بەدیۆمن
وەچەکمەی چەکت... رای راویاریم
مەگێرە وەنەم
دنیای شەو زەدە... پێخام کیانان
بشوش وە سەردەم
تین دەرو....
جەستەی یەخ بەستەی... شەوش.

64/5/20

## شەهید

پۆلێ هەڵۆ
بەسەر لوتکەی کێوەکاندا لە فڕینا.
شەقەی باڵیان،
پڕ لەتاسە و پەژارە و خەم.
ورەی گیانیان،
بەرز و پڕ لەشانازی بوو.
شانازی بەو تاسە و خەم و پەژارەیە.
دابەش ببون بەچوار پۆل،
چوار پۆلی... چوار هەڵۆیی
هەرچوارێکیان باڵیان کردبۆوە دارمەیت و
لاشەی سووری
هەڵۆیەکی قەلی ڕووڕەش خنکاندوویان
پێ هەڵئەگرت.
لاشەی سووری
چوار هەڵۆی بەرزەفڕی لووتکەی ئاوات،
لەنێو تەرمی گەرمی باڵی
چوار هەڵۆی دڵ بەخەمی رێگای ئەوین،
بەڕێ ئەکرا.
ئەو چوار لاشە
چوارسەد هێندەی قورسی داروبەردی دونیا
قورستر بوون.
سەر لووتکەکان
لەژێر شەقەی باڵی پۆلە هەڵۆکاندا و

**یەلدای شووم**
لەژێر قورسیی مەزنی لەشی قەل خنکاندووی
هەڵۆ بەرزەفڕەکاندا،
هەڵ ئەلەرزین...
نەوی ئەبوون.
پۆلی هەڵۆ
لەناو گڕی سووتێنەری
فیڵی قەڵە ڕوو رەشەکان،
لاشەی مەزن وخوێناویی
چوار هەڵۆیان،
بەرەو کۆگای ئاوات ئەبرد
تالەناخی دڵی هەموو هەڵۆیەکدا...و
لەسێبەری باڵی هەموو کۆترێکی سپی،
بیان نێژن.

64/8/5

## نەورۆز

نەورۆزەکەم
زۆر دەمێکە بەند کراوی،
لەو کاتەشەوە هەر منم
کەئاگری یادەکانت
لەسووچێکی تاریکی ئەم دەروونەمدا،
هەڵ ئەکەم و ئەیکەمەوە.
نەورۆزەکەم
لەو کاتەوە رێگەتیان گرت.

**قەقنەس**

زستانی رەشی وڵاتم
شایی ئەکات.
مل ئەستوورە و هەردەم داوای خوایی ئەکات.
نەورۆزەکەم
نازانم کەی لەبەند و کۆتی زستانان
رزگارم بێت؟
دێوەزمەی سەرما و بەستەڵەك
رێگای گرتووم
رێگای گرتووی.
نورۆزەکەم
بولبول و گوڵ
دوو دیلی زستانی ڕەشن
یەکیان چریکەی تاساوە و
ئەوی تریش، پەڕەکانی هەڵوەریون.
نەورۆزەکەم
چاوم لێیە
لەو رێگە... دوورە دوورەوە
کەژاوەیەك لەرێدایە و
نیازی وایە
ببارێنێبەسەر ئەم زەویە بێگیان و خامۆشەدا.
نیازم وایە
پەریی شیعرم بنێرمە لای
تا.. هاواری
گوڵا و زەوی و خۆم و بولبولی، بۆبەرێ.
نەورۆزەکەم
دڵنیابە ئەو کەژاوە

**یەلدای شووم**

دێت و ئەگاتە بەرەوە.
بارانێکی ئاوات و ژین دائەکات و بەفر و سەهۆڵ
ئەتوێنەوە.
بولبول بەچریکە مەستەکەی،
کەژاوەی هەور بەبارانی،
زەوی... بەخۆ جوڵانەوە... و
منیش... بە مەشخەڵی شیعر،
ریشەی ئەم زستانە ڕشە دەرئەهێنین.
ئەوسا، ئەی نەورۆزی ژیان
لەبەند رزگارت ئەبێت و
دەست ئەکەیتە ملی گوڵ و بولبول و من.
زەوی رایەخ دا ئەخات و
شیعرم، چرۆ ئەکاتەوە و
ئێمە هەموو سەما ئەگرین.
گوڵ ئەپشکوێ... و
سەرچۆپیەکە ئەگرێتە دەستی خۆیەوە.
ئاسمان دەهۆڵ ئەژەنێت و هەور، زوڕنا
منیش، سروود ئەهۆنمەوە.. و
بولبول، دیسان
یەزن یەزن، ئەچریکێنێ.

نەورۆزی 65

## چریکە

بۆ گەرووی داوودیی هونەرمەندی بێوێنە
عوسمان کێمنەیی

بولبولی وەش دەنگ هەوارگەی هەیات
شیرینی بەخشی تاڵاوی حەیات
شەمی نووربەخشی شەوگاری هونەر
شەیدایی سەرمەس دڵداری هونەر
قیبلەی هورقوڵیای سیاچەمانە
نە دەوری شەمعی هونەر پەروانە
تاقە کەوی کۆی بەرزی هەورامان
چریکەش سیمبول وەشی هەواران
زوڵاڵی بەخشی هانەی نوەیجەڕ
فیردەوسی دەنگی سەرمەدی سەروەر
بتی بتخانەی میهراپەی ئەدەب
عوسمان هۆرامی کێمنە نەسەب
دایم چوون پرشنگ هەسارەی سوەیل
مەدرەوشۆ و دنیای هونەر کەرۆ کەیل
ئیعجاز دەنگش دڵان کەرۆ مەس
چ جای ئەو قەلبی زویری قەقنەس

65/1/1

## زامی زمان

پەرسام چی لاشەت خەڵتانی هوونەن
جەی زام شمشێر مدارات چونەن
وات جە زام تیخ نەمجیان هوونم
دڵم زاماری زوانی دوونەن

65/1/21

## چاوەکانت...

چاوەکانت کانیاوێکن،
ماسیە بچکۆلەی خەیاڵم لەنێویاندا ئەخولێتەوە.
رووبارێکن،
کە وشکایی دەشتی تفتی ئەویندارییم
ئەبڕێتەوە.
دوو ئەستێرەن،
لەئاسمانی ئەوینمدا
ڕوونتر لەمانگ پرشنگ ئەخەن.
تاڤگەیەکن، ئەڕژێتە قوڵایی مەزرای
پڕ لەگوڵی ئەشقی دڵم.
چاوەکانت کانیاوێکن.
دوو ئەستێرەن.
رووبارێکن.
چاوەکانت تاڤگەیەکن

65/3/12

**یەلدای شووم**

## *زۆڵەزا*[3]

کەمەشناسووت
مەواچە خەموەرو تۆنا
تۆ...؟!
براو...من؟...
نا،نا... هەرگیز
تاتەم ژەنێش... ئاوردێنە...و
من... تاقانە و ئەدێمەنا... و
برام نیا
ها...؟
خەریکا هۆشم مێوە
روە مامۆم لاکۆڵانی چەنی ئەدێت
جۆتێ بیێ...
و
تۆ زڕێ یەک شەویلەنی.
ئیسە ماچی بەش بەرەنا
وێت بەبرام مدەی قەڵەم
نا... درۆنە
من تاقانە و بێبرانا... و
تۆ؟
زۆڵەنی...

---

[3] گیریابێنێ، کە کابرای پاسدار ئاما بەرۆم پەی وەنە پەرسایۆ، بە لەحنێ ورخەڵەتنەر چڕیاش (برادەر). بە قینیۆ واتم: من براو تۆ نیەنا... شەق و لەقەکەو دماو ئی قسێمە، هەر فرە بێڕەحمانە بی.!!!

**قەقنەس**

زۆڵ بێگانەن
من نمازو...
زۆڵێوە
وێش کەرۆ برام
وێش
خەم وەرم بدۆ قەڵەم و...
خەڵەتنۆم.

٦٥/٤/١٨

یەلدای شووم

## وانەیەکیتر بۆ منداڵان

منداڵەکان...
هۆ... ژین خۆشە چاوکاڵەکان
هۆ... خنجیلە تەڕپۆشەکان
نازدارە شەربەت نۆشەکان
لەم دیوی دنیای ئێوەدا،
هاوڕێکانتان
رووت.. و برسین
ژیان تاڵن.
جلیان... پەڵاس
شەربەتیان ژار
دڵیان خەمە.
ئەزانن بۆ؟
چونکە مامەکانی ئێوە
نەوتی ژێر پێی هەموو... وانیان
کە هێند زۆرە،
وەکوو زەریای پاڵی ئێوە،
لەسەرچاوەی چاویانەوە
هەڵیان لووشی... و
کردیانە ئامرازی کایەی زەرد و سوور و ڕەش و سپی
بۆ حەزی ئێوەی تەسەل...و
لاشەی باوکیان کرا بەبەرد
بۆبناغەی ئەو کۆشکانەی

ئێستا ئێوە شاد و دڵخۆش
لێیان ئەژین و خۆش ئەنوون.
هۆ... منداڵە ژیان شادە چاوکاڵەکان
لەبیرتان بێت گەر هات دەرزیەکی ژەنگن
ڕۆچوو بەناخی پێتانا،
تاهەتایە پێی ئەشەلن.
چونکە، پێشەی تیژی بەچەقۆ تاشراوی
ئێسکی ونبووی باوکی ئەو منداڵۆچکانەیە
کە پێم ووتن.
لەم دیوی دنیای ئێوەدا ژیان تاڵن.
جلیان پەڵاس،
شەربەتیان ژار
دڵیان خەمە

65/4/11

## ***حوجرەو فەقیا***

جە چوار گۆشەی یەك حوجرەی کۆنە
کە هەردەم حەسرەت (نان)ش مزۆنە
چند فەقی جە سۆز کز کەردەن، حوجرە
مەیدانێن، ملێش گێڵانێ پۆنە
*
ناگا ملێوە یاوۆ ئەو دۆڵە
وشکنۆ تۆتۆی سفرە و سەردۆڵە
تیکە نانە رەق مەڕفانۆ و رەمۆ
فەقیە تاقیبش کەرو بە بۆڵە:

**یەلدای شووم**

*

مەقێڕنۆ ئەرێ ملەی نابەکار
بێحەیا و حورمەت پیسی بێقەوار
ئاورایی ئێمە گرد جە پا وستەن
ئانەیچ هەن، بەریش..، ببۆت ژاری مار؟
65/5/26

## دەردەڵ

وەڵاتەکەما ئارۆ
غەزەبش وەنە مارۆ
مۆرەش دووشەش نمارۆ
*
بیەن یاگێ زاڵما
کەوت چێرو ناپاڵما
کەس مەپەرسۆ حاڵما
*
هەناسەشا بڕیێنمێ
دڵشا بە تێخ دڕیێنمێ
راو ژیوایشا بڕیێنمێ
*
دادما وە لاو کێ بەرمێ
سکاڵا جە کێ کەرمێ
مەر هەر زوخاوێ وەرمێ
چون جەنگخواز ون وەرەن
خەڵکیچ نەزانچێشکەرەن
پەوکەی گرد دەربەدەرەن
*
ئەگەر خەڵك ئاقڵ بۆ
نەنیشۆرە و ماتڵ بۆ
ئاواتش زوو حاصڵ بۆ
*

**یەلدای شووم**
قەقنەس وەشلەی بە وەختێ
وەڵاتما مارۆ بەختێ
مەمانۆ هیچ سەرسەختێ

65/6/6

# نان پاوانا

کاکەی فەلا چکۆوەنی؟
هۆدرەوکەر چکۆوەنی؟
شەنیەر، باربەر هۆ ئاشەوان
هۆ... مەتیلە نانەپەچێ
چکۆوەندێ؟
بەیدێ گردتا... کۆبیدێوە
باهەوالێ تاڵتا واچو
باسۆتەو کۆنە زامیتا... وەسۆباروو
کاکەی فەلا، درەوەوان، شەنکەر، بابەر، ئاساوەوان
هۆ... مەتیلە نان پەچێ
گەنمە گیریا
دەس و پاش کەلەبچە کریا...
و
دلێ ئایرو
سیاو قینەو جەللادینە
دووە دریا.
جەللاد، قلێوەش داوەنە...

**یەلدای شووم**
و
منی ئاورایچ یاوانێنە
کە ئیسەو لای
نان... پاوانا.

65/6/10

## بەختەوەری؟!!![4]

دوێ شەو خەونی تازەم بینی
نە... وەك دیکەی خەونەکانم
خەیاڵاوی
نا ... نا ... گیانە خەونی دوێ شەو
تابلۆیەکی نەخش کراوی ژینی مرۆی ئەوڕۆکەیە.
دیتم لە بەردەرکی شکاوی ماڵەکەم
نا......کەوێڵە وێرانەکەم
راوەستاوم.
جلی شڕ وپیلاوی کۆنی ، کون تێبووم
لەبەر کردووە و لە پێدایە.
ماندووی ....ماندوو
تەنیای ... تەنیا،
دڵ شکاو ...و
بێ لانە بووم.
چاوەڕوانی
وەك شێرپەنجە،
دڵی تەنیا و خەماویمی ئەخواردەوە.
لەگەڵ قرچە و لەرزەی لەشی سەرمابردووی
نەخۆشمدا
دەنگی سمی ئەسپێکی کوێت، هاتە گوێم و
چاوەڕوانیە نادیارەکەم
هیوایەکی بەرز وسووری گرتە ئامێز.

---

[4] هەناسەیەکی "کارۆ"ی تێکەڵە

**یەلدای شووم**
ئەسپە کوێت لێم هاتە پێشێ
دیم سێبەری بەختیاریی لێ سوارە
شاد و
مەست و
لەسەرەخۆ
بە سەر زینی زیوینی ئەسپە کۆێتەوە دانیشتبو.
چومە پێشێ
دەستم برد و بە ترسەوە
لەغاوی ئاورێشمینی ئەسپەکەم گرت
پێکەنیم و... تێریش گریام!
پرسیم : سێبەری بەختیاری!
بۆچ بۆ جارێك
تەنیا جارێك
دەرکی کەوێڵی ویرانم
لێ نادەێت و نایکەیتەوە؟
هۆ ... سێبەری بەختیاری!
وا مەزانە ریگەی ماڵە وێرانەکەم
دڕك و چقڵی لێڕەواوە
نا ... گیانەکەم
هەمووی سەوزەگیا و چیمەنە
کە فرمێسکی سووری چاوم
لە گریانی شەوانمدا
ئاوی داوە.
ئەو چیمەنە دڕکی نییە و
سمی نازداری ئەسپەکەت
زامار ناکات

ئەی بۆجارێك
پێنانێیتە ئەم ڕێگایە... و
دەرکەکەم لێناکەیتەوە؟
دیم سێبەری بەختیاری بەتەوسەوە
چاوی بڕیە دەستە لەرزۆکەکانم و
وتی: " بڕۆ...
سەیری ناو دەستەکانت کە
با پێت بڵێم؛ تا ئەوکاتەی
دەستت ئەوەی تێدا هەبێت، کەتێیدایە،
ژینی خۆش و بەختیاری،
نێوانی لەگەڵت نابێ... و
هەر ناتناسێ".
سایەی شادی بەختیاری
ئەوەی وت و لێیدا ڕۆیی.
بەغار ڕۆیی...و
لەماوەی چاوتروکانێك
ون بوو و نەما.
گێژ و وڕ و شێت و سەرسام
هەر بەو شەوە، مشتی قوچاوم کردمەوە و سەیرێکم
کرد.
بینیم... ویژدانی زیندوومە
لەناو لەپی دەستەکانما
وەك ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی شین
پرشنگ ئەدا.
پڕشنگە پڕ ورشەکانی لەپی دەستم
تێمیان گەیاند،

**یەلدای شووم**

بەختیاری و... ژیانی خۆش
لەگەڵ ویژدان،
بێگانەن و گەلێ نامۆن
گەلێ نامۆ.

٦٥/٨/١٧

# ڕەشبەڵەك

قوتابی:
مامۆستا گیان!
ئەمڕۆ دایکم چۆپیی ڕەشبەڵەکی گرت و
لەگەڵ هەمو پیاوەکاندا تێر هەڵپەڕی.
دایکی تۆشی لەگەڵابوو.
تۆ ئەزانی؟ مامۆستای مزگەوت وتویە:
ڕەشبەڵەك عەیبە و حەرامە؟
من نازانم مامۆستا گیان
کەدایکم نەخوێندەوارە،
خۆدایکی تۆ
فێرە زانین و خوێندنە،
ئیتر بۆچی لەجێی ئەوەی بەر بەچوونی دایکم
بگرێت
خۆیشی تێر تێر
لەگەڵ پیاوان هەڵدەپەڕێت؟"
مامۆستا:
"کوڕی ئاقڵ
ئەوەی وتویە هەڵپەڕکێ،
عەیبە... و حەرام،
گێلە... و نەفام.
لەگەڵ فەرهەنگ و کلتوری... خۆی نامۆیە.
باپێت بڵێم کەهەڵپەڕکێ،
بنج و بناوانی قووڵی فەرهەنگی سەربەستیمانە

**یەلدای شووم**
و
ڕەش بەڵەك مانای تەواوی
بەرهەڵستی ئەم گەلەیە
لەئاستی هەرداگیرکەر و تاڵانچییەک:
کەس نەیتوانی
بەربە شاڵاوی کیناویی دوژمن بگرێ
باوك و دایکی ئێمە نەبن.
پاش سەرکەوتن بەسەر هێرشی دوژمنا،
دیاکۆ... وتی:
چۆن؟ کوردینە
بەو هێزە لاوازتانەوە
زلهێزی دوژمنتان شکاند؟
دایك و بابی ئێمە هەستان
دەستیان نایە دەستی یەك...
و
نیو کەوانێکیان پێك هێنا...
و
بەئاماژە
لەوڵامی دیاکۆدا ئاوایان وت:
"ژن و پیاو
دەست لەناو دەست بۆپێشەوە
لەبێخەیاڵیی دوژمنا،
هەنگاوێکمان بۆبەرەوە
و
لە بەخۆدا هاتنەوەیا
هەنگاوێکمان بۆپاشەوە هەڵدەگرت...

و
درێژەمان بەهەڵمەت دەدا.
بەهەڵمەتدان و پاشەکشە
دوژمنمان ماندوو ئەکرد و لەئاکامدا
چەند هەڵمەتی پیاوانە...
و
چەند هاوار...
و
چوونە پێش...
و
دەوردانەوەی مەکۆی دوژمن،
تێك شکاندنی زلهێزی دوژمنان...
و
وەدەست هێنانی سەربەستی
بەڕەشبەڵەك.
لەو ساتەوە ڕەشبەڵەکی کوردەواری
بۆتە فەرهەنگی سەربەستی
و
سەبەخۆیی گەلی ئێمە
و
بەم فەرهەنگەش،
ئەوەی بڵێت عەیبە.. و حەرام،
گێلە... و نەفام
لێمە نیە و لەگەڵ گیانی کوردەواری
نامۆ...
نامۆ...

**یەلدای شووم**
و
بێگانەیە

بەهاری 66

## دنیاو یەری

دنیاو یەرەمی ماتەن
بەگش بێڕەگ و لاتەن
خەڵکش خەمش خەڵاتەن
*
دنیاو یەرەمی شێویان
ئەهریمەن وەنەش دێویان
شەبەقش هەر نەپێویان
*
ئەهریمەن مشیۆ زانۆ
دنیا پێسە مەمانۆ
ئاد هەر دووشەشێ شانۆ
*
خەڵك جە وەرمی گرانی
ورزۆ بە شادمانی
یاونۆش بە گرد جیهانی
کە چەوساوەیی نەمەن
ستەم کریا ریشەکەن
وەرگی هار عەمرش کەمەن
*
عالەم هەر مینا قەقنەس
سۆچیۆ گرد کەس پەی گرد کەس
چەوساوان مەبان سەرمەس

66/6/18

## ***متمانە***

هەرچن خەیاڵی پاکیی تۆم مەکەرد
بێهوودە کەردم
ئیسە کە ژاراو خیانەتت وەرد
گران بی دەردم
*
دەك خرابکاری خیانەت پێشە
پەنجەت بڕێزۆ
دەك ئازای جەستەت جە گۆشت و پێشە
زووخ وەنەش خێزۆ
*
خۆ من تۆم وە دۆس گیانی بە گیانیم
پەرێ وێم زانا
تۆ وێت بە ئەفسوون پەی زیندەگانیم
دڵسۆز نمانا
*
ئیسە چی کەردی خیانەت وەنەم
های خەتا پێشە
سا بکێشە زەجر، دەروون کەیلی خەم
حەسرەت بکێشە
*
ئابڕوی ئەشرەف مەخلۆقات بەردی
هەی رو سیا وێت
ئێسە کە پەنەم خیانەت کەردی

جە من جیا وێت

*

هانای نەفرینی قەقنەس وەنەو تۆ
تا ئەو ڕۆی مەحشەر
تا ئەو ڕۆ هیوات رەنجەڕۆ مەبۆ
تەوق مەیۆت نە سەر

67/3/18

**یەلدای شووم**

## ***شاعیری پووچ***

شەرمەزار وێت...
ئەی شاعیری دەروون هاڵی شەرمەزار وێت
کەوەختەنە میللەت بەجەم
کۆیاو تەوەرگەو زاڵمین
تۆبەتەنیا
جەدەروونی هاڵیتەنە
گێڵی تابن مەڕە وینی...
و
وێت شاریوە تا نەکۆیەی.
شەرمەزار وێت
ئەی شاعیری دەروون هاڵی
کەوەختێنە خەڵکی تەنیا
جەدەشت و ساراو خەمینە
دلێ ئایرو ستەمینە
ئارام سۆچۆ و بۆ بە بووڵە
تۆی شاعیری دەروون هاڵی
وێت و فکری نەمەرزیارەت
پەی سێبەرێ گێڵدێ تاکوو... فێنکتابۆ.
شەرمەزار وێت
ئەی شاعیری دەروون هاڵی
کەوەختێنە میللەتەکەت
ژاراوەو ستەمی نۆشۆ
وێت و دەروونە پووچەکەت
پەی ئاوەو زەمزەمی گێڵدێ.

**قەقنەس**

شەرمەزار وێت
ئەی شاعیری دەروون هاڵی
کەوەختێنە خەڵکی مانیا
جەهەڕاوەو قین دڵانە
بەزۆر چەقیۆ،
تۆ بەشێنەی
پەی تەوەنێ پانێ مدیەی
پای شەلەلت بنیەیش سەر...
و
بێ تەڕ بیەی یاوی قەڵاو کامەرانی.
شەرمەزار وێت...
ئەی شاعیری دەروون هاڵی
شەرمەزار وێت.

٦٧/٥/١٠

یەلدای شووم

## ***بیری خنکاو***

## "بۆ هەڵەبجـــــــــە"

ئەمشەو
کاك بینناییم بینی
بەتاسە و تەوسەوە، وتی:
"لەوکاتەوە بووکی سەوزی شارەزورم،
لەجلوبەرگی بووکێنیی یەك شەویدا خنکێندرا،
من لەدەشتی حەشری خودا سەرگەردانم
و
بەشوێن عەدڵی خوا دەگەڕێم
نایدۆزمەوە.
زۆر دەترسم ئەویش لەناو تەمی ڕەشی ڕق و کینەی خەلیفەکانیا ون بووبێ...
و
وەك هەناسە تاساوە پڕ لەتاسەکەی هەڵەبجەی سوور خنکێنرا بێت".
پیرەمێردی نەمرم دی
وتی:
"ڕۆڵەم!
لەوکاتەوە
بێشکەی کۆرپەی دڵی وەلی دێوانە و شەم
بەژاری قین ئاخێندرا،
من لەنوسینگەی خوادا، هەرئەگەڕێم
هەرئەگەڕێم

مەرەکەبی پاندانەکەی جبرەئیلی کاتبی خوا
بدۆزمەوە...
و
جارێکیتر
رازی تەنیایی شەوانی
پڕلە پەژارە و نامۆیی ئەرخەوانان
لەچاپ بدەم.
بەڵام ئەویش وەك بۆنەکەی
عەنبەر خاتوونی مەولەوی
وشك بووە".
خانیم بینی
ئەویش بەداخەوە وتی:
"لەو کاتەوە کەرەشەمەی هەڵەبجەیان
ڕەش داگەڕان،
پەنجە...
و
زمانم گیراون
و
بەشوێن بیری خواوەندا سەرگەردانم،
تاچیرۆکی ئەوینی پێ بنووسمەوە.
بەڵام... بەڵام
سەد مەخابن
چما پێموایە
بیری خواش
وەك هەناسەی هەڵەبجەی سور
خنکێندرابێ..

**یەلدای شووم**
تاڵاوی ژاری نۆشیبێ
و
شەهید کرابێ.

٦٧/٦/٣٠

## *هەژاری*

(پەی ئەفوانی)

برام چا کۆرە وڵەنە چێش کەری
چێش ئینا دەستۆ پەرێ کێش بەری
چی ئازات فیسیان چەنی ئارەقی
ئا قوری و پیاڵەی کۆگە کێش کەری

*

ماچە کۆرە وڵ، ئاپارتمانەن
فیردەوس بژیو مەی هەژارانەن
ئینەیچ هەن پەنەم، مالوومەن چێشەن
بەهانەی دابین یەك لوقمە نانەن

*

خاستەرەن جەستەم جە ئارەق تەڕ بۆ
گۆشم جە لۆمەی نەزانان کەڕ بۆ
قوری و پیڵە بگێروونە دەس
بگێڵنووش جە سوب تا ڕۆ وەسەر بۆ
دیەنما خەڵکی چایەخانەش هەن

دەزگا و دوکان و خانە و لانەش هەن
وێش، وەش سەیانۆ، وەردەس مەگێرۆ
دڵوەشا و ژیوای بێبەهانەش هەن
تۆ چی هەر گێڵی و هەی چایی کەری
جەی ئاماولوات چ قازانج بەری
خاس نیەن تویچ بی خودان چاخانە
وەردەس گێری و وێت ئاغایی کەری؟
*
هەی برام دیارەن هەڵای خامەنی
نیەنت ئەزمون ناتەمامەنی
مەر نمەزانی دۆڵەمەند ماچۆ:
من هەنا، هەژار، سا تۆ کامەنی
*
پەی چێش مەزانی قانونی دنیان
تا دەوڵەمەند بۆ هەژار بەش وریان
دۆڵەمەند بە زەڕ ئیشارێکەرۆ
ریشەی هەژاران جە بێخ بەرکنیان
من ئا هەژارەی هامرەنگو تۆنا
ئا کاریگەرەی بێرەنگو بۆنا
ڕۆ تا وێرەگا گیاناوای مجو
کەچی هێشتای هەر بێنان و دۆنا

67/6/8

## چەنی گۆرانی

**یەلدای شووم**

گۆران.. ها گۆران ورزە بێخەبەر
بدیە شارەکەت
چۆن رێزان چون وەڵگ خەزان رەزبەر
هام دیارەکەت
بدیە چۆن خەسمی زەبوونی شەرەف
بە ژاراوی قین
تاڵ کەرد جە مەزاق خەڵك هەر تەرەف
زیندەگیی شیرین
گۆران.. سا ورزە بدیە جوانان
چون خەزانی زەرد
رێزان وە هەمدا نە پای نەمامان
جە شومیی وای سەرد
ورزە راویاری رای هەڵبەجە و تەخت
ئاخر چ وەختەن
زانە نەوەکەت جەی زمسان سەخت
چی سیابەختەن

**قەقنەس**

ورزە بزانە ئیسەیچ توانای راویاریت هەن
جەی دوود هێلیۆم؟
ورزە، من شیوەن هەڵەبجەم کەردەن
چەم چەمەڕای تۆم

٦٧/٧/١٦

**یەلدای شووم**

## ***هەوری***

## "پەی هەڵەبجەی"

خاتوونەکێم...
هۆ ئەدالێ کۆرپەو دیوانو مەولەوی
چکۆوەنی؟
مەزانی تۆز و گەرد چەنی ئی ئاسمانشە گرتەنەرە؟
چکۆوەنی؟
مەژنەوی کۆرپە شیعرەکێ...
دیوانو ویرو مەولەوی... گرد گرەوا؟
خاتوونەکێم**..**
شیعرە کۆرپەکێ مەولەی
گرد دامانوو وەشەسیایی
بیەی تونە گوچ کریەنێ**.**
ئیسە هۆ ئەدالە خاسێ...
وردیلەکێت
بێڕەنگێنێ
بێنازێنێ
زەردێ...
و
سەردێ...
و
لاوازێنێ
عەنبەر بێناز نمازەشا
ورزە...

هەوريەكێت بارەوە
و
ورش دارەو كەرەش كەپرە،
جەئاسمانی بەتەم تەنياو
باخچە و شيعرە و گۆرانينە...
و
ورديلە رەنگ پڕايەكات
بارە چێرش
بائاتۆزێ نەوارۆرە وار سەرشارە...
و
نەخنيكنۆشا.
خاتوونەكێم...
ويرت نەشۆ هەتيمڵەكاو
گۆرانيچ و تاييربەگو جافيچ بەری
و
نازيشا جيا.
خاتوونەكێم...
گرد هەتيمێ و بێئەدێنێ
ئای
گرد تەنيە...
و
گرد پاورەنێ
بديە عەنبەر...
ئاهاچێرۆ ئاتەمێنە
گرد گيان مدا؟
بديە چندە، بێكەس

**یەلدای شووم**
بێناز
گیانشا لەرزۆ و بێدەنگێبا؟
عەنبەر توگیانو مەولەوی نەجاتشادە
تەم و تۆزەکە بەدیۆمنا...
پیسا...
تاڵا
ئاخ...
ئاخاخاخ...
عەنبەر تاڵا
تۆزەو سیاو واو مەرگینە
و
نەوارێنە
نا... نا... خاتوون
وارنێنەشا ملو باخچەو گۆرانیرە،
چکۆوەنی؟
ورزە دێرا، ورزە هەوریەکێت بارەرە
کۆشا کەرۆ
و
دەش ملشارە
باتۆزەشا نەنیشۆ سەر
بانەخنیکیا.
خاتوون هەوریەکێت خاسەنە
ئاوەو وەشەسیاییش پۆنە
و
بەهەرسەو چەما ئا ئەدا دڵ سوچیایا تەڕە بیێنە..
و

خەردەل... چەنەش... مەدۆرە وار
تەنیا هەوریەکێ تۆتاوۆ
وەرو ئاگرد تۆزێ گێرۆ...
تەنیا هەوریە تەڕەکێ تۆ
ئاها بدیە...
هەرتەنیا تۆنی مەنێنیۆ
کەلەچك و هەوریت مەنەن
هەرتەنیا تۆ... کڵاوزەڕەت ئینا سەرۆ...
و
کوڵوانە و وەربینت مەنەن
هەرتەنیا شیعرە کۆرپەکێ
گورانی... و مەولەویچەنی
چۆخەوڕانك... و پووزەوانێ...
و
کڵاشێشا ئینەپۆرە
هەرتەنیا ئادێنێ... هەڵای
مرادخانی پۆشا...
و
مشکیێ
داودبەگیەشا سەرۆنە.
پەوکەی سیاوواو کۆروقینێ
داڵێ دێزێش ورئێزنەنێ...
و
باخچە و گۆرانی... و مەولەویش تەنانەرە
بەتۆز و تەم
تاکڵاشێ...

**یەلدای شووم**
و
چۆخەوڕانك...
و
پووزەوانێ...
و
كلیت...
و
پەسەك
گردی تاسنۆ...
و
كڵاوزەڕ و لەچەك و تویچ،
شڕشڕ كەرۆ...
و
پەی هەمیشەی... مەحو كەرۆوە زەمینەنە
هەرچی ئاسەوارو كۆنو...
ئی نەریت و دیاكۆیە.
خاتوونەكێم...
وردیلە بێنازمەنەكاو
یانەو گۆرانی... و مەولەوی
چێرو هەوریە...هەمیشە سەربەرزەكێنە...
یاگێكەرۆ
بانەتاسیا...
پا دوو و خەردەلە چڵكنیە
هەرتەنیا ئادێما هەنێ.
با چەنەما... نەسنیاوە
خاتوونەكێم.

قەقنەس

٦٧/٧/٣٠

## *دەلیل*

باوڕت نیەن وە سۆز سینەم
دەسنیشان کەرۆ ئێش دێرینەم
سا دەلیل خاستەر جە ئاهم چێشەن
کام دەلیل راسیی هەناسەم پێشەن
یا تۆ جە سۆز سینە مەزانی
واتەی نەواتەی دڵان مەوانی
مدیەی تا دووکەڵ جەستەکەم خێزۆ
ئازام چون قەقنەس وەهەم برێزۆ؟

67/9/5

## بزەی ژوکوند

کەبزە مرد،
ڕەنگ و دەنگ
و
هەموو تینی ژیان مرد
و
بەختەوەری کۆچی کرد
و
ژانی نەمان،
گرژ و مۆن و تاڵ و ئەستوور
جێگای گرتن.
کەبزە مرد،
هەست و نەستی ئەوینیش مرد.
هەورێکی ڕەش ئاسمانی شینی داگرت
و
بەسەر کێڵگەی دڵداریدا
تەرزەی ڕەقی ڕقی ڕژاند.
هۆ دڵدارە بێخەم خوارە
دڵ زامارە... خەمبارەکەم
چاوم لێیە، لەدوورەوە...
دیدەی فرمێسکاویی دڵم
لەدوورەوە چاوی لێیە
کەچۆن بزەی سەر لێوی تۆش بزرکاوە؟
چاوم لێیە لەدوورەوە

**یەلدای شووم**
کەچۆن دەشتی بەرینی ئەشق و دڵداریت،
تەرزەی ڕەقی ڕقی هەوری رەشی هەست و بزە
کوژی
تێڕژاوە؟
ئەوینەکەم
هۆمەرهەمی برینەکەم
دەرمانی ژانی ژینەکەکەم
لەدوورەوە
لەپەنجەرەی ڕوانینی دەروونەوە
ئاگام لێیە: کەبزە مرد،
ئاسمانی شینی ئەوینی تۆی نازداریش
تەمی خەمی لێنیشتووە.
هۆکۆترە سوور و سپیەکەی هێلانەی کاولی دڵم
هۆدەرکراو لەهێلانە
هۆ بێلانە!
کەبزە مرد،
من هەستم کرد کەهێلانەی خۆشەویستیی تۆی
لەمەودوا بێلانەکەم،
چواردیواری خانووی دڵە وێرانەکەم
هاڕەی هات...
و
ڕووخا
ڕووخا...
ئای لەلانە تەرەکراوە
خەندە و بزە دزراوەکەم
ئاگات لێیە چۆن بزە مرد؟

ئازیزەکەم...
بزە نەمرد!
نا... نا...
نەمرد!
شەهیدیان کرد.
ئاخ...
نازدارە خەمبارەکەم
بزەیان کوشت.
ئەودێوەزمە گرژ و مۆن و خەندەدژە
نەیتوانی
بزەی گیان بەخشی سەرلێوی ئەویندار ان ببینێت
و
قاقای خەندەی پڕلەژینی
دڵدارە سەرمەستەکانی ئەم سەردەمەی
گوێ لێ بێت.
بۆیە بووە ژیانە خرۆ
و
بزەی مراند
و
ژینی کوشت.
ئێستا هۆ خۆشەویستەکەم
گرژی... و گریان
نیشتوونەتە جێگەی بزە و بەختیاری
و
هەموو ژیان.
هۆکۆترەکەم...

**یەلدای شووم**

بۆم بگمێنە
هەتا گمەی ژینبەخشی تۆ
دیسان بزە بخاتە سەر لێوە بزرکاوەکانم
زۆر بگمێنە
هەرچی دڵ و بیر و هەستە
ماتەمی مردنی بزەن.
دەی بگمێنە!
بادیسان و بۆ هەمیشە
بزە بزێتە سەر لێوەکان.
هۆکۆترەکەم
زۆر بگمێنە
باڵێوەکان بزە و خەندەیان بزێتێ
باهەمووومان بەبزەیەك
ژینی دزراو لەچنگی ئەو ژیانەخرۆیە
دەرێنین و بەخۆمانی بەخشینەوە.
بابەبزەی پڕ لەهەست و ویست و مانا
دێوەزمەی مۆنی بزە کوژ بتارێنین..
و
نەهێڵین
ژیان بزەی ژینی بمرێت.
دەی بگمێنە
بائیلهام بێت بۆ بزە لێدزراوەکان
بابەقاقای پێکەنین و خەندەی پڕ هەست و ویستەوە
مەحشەرێکیتری کوبرا بخولقێنن.
بزەی مردووی ژیان بەخش و
خەندەی ون بووی بەختەوەری

دیسان زیندوو بکەینەوە.
دەی بـگمێنە
دەی........
بگمـــــــــــــــــێنە
با بزەمان بژیێتەوە

67/9/20

**یەلدای شووم**

## ***تك تک نا، لێزمە***

ئای...
هەرسەو چەمام
نمۆ... وێت تەنیا مەتکیەرە وار
وێت گێرە... هەتاچەند دڵۆپێتەر
یاوارە کانە
ئاوەخت یۆ گێردێ و بەیۆوە بەیدێ
پێسە بەحرێوە دەرێوەرە بێ
بەش... هەرچی
هەڕ... و چڵ... وچڵپاوا!
گردی هورکەندێ... و زەمین، پاك بۆوە.
ئەی... هەرسەو چەمام
نمۆ... وێت تەنیا مەتەکیەرە وار
چوون ئەگەر تەنیا... و تاك... تکیەرە وار
هەڕ... و... چڵپاو زوو
دەمش کەرۆوە...

و
تۆقووتە مدۆ.
ناتوخوا تەنیا مەتەکیەرە وار
باجەمێ بیدێ...
و
پێوە تکدێرە.
67/10/8

**یەڵدای شووم**

## مەولەوی

م. مەستی ئەڵەست بادەی هونەرەن
ه. هەست و سۆزش جە حەد ئەودەرەن
و. واشەی تێژپەڕ سەما تەی کەرەن
ل. لەعلەن پەرێ بەخت ئی دنیا
ه. هەرچند فکرم هەنگامەش بنیا
و. وەسفش جە ئاست توانام نیا
ی. یادش زیندەن ئیسە تا ئەبەد
یاوەریش کەردەن ئەو ئەشقی سەرمەد
مەولەوی. نیاش ناسکیش سەرحەد
*
م. موعەلیمی پایە بەرزمەن
ه. هاوارش بەرز جە سەرعەرزمەن
ع. عەلامەییش دەوای لەرزمەن
د. دوڕڕەن شیعری بەرز و شیرینش
و. وردەن فکر و بکری دێریشن
م. مایەی وەشی و شانازیمانە
ی. یاوا بە عەشق دۆس و بێگانە

**قەقنەس**

مەعدومی. بەرزەن ئینە چ باسەن
قەقنەسا، سا تۆ بێدەنگ بی خاسەن

سەدەی مەولەوی
٦٨/٢/٥

**یەلدای شووم**

## *دابڕان*

دەهۆڵێوەشا تەقناوە
سڕناکێ مامۆ رەحمانەی
مانیش کەردە و
تفە چەرمەیچ
دڕەیە قووڵێش چەنەزیە.
مەژگۆ مامۆ سەعەی مجیا
چەمەی تازە
هەرسیش متێ و
کۆنەچەمە تازیەش گرتە و
کاوەو دەروێشی تەمیارە.
شەنیەرێ
وەزیۆ
کەوتەرە
ئاوەو دەرەی لێڵە بیە
پ
ە
ل
ە
ژەرەژانە
وشك بی و
قاوەخانەو وەشو تەختێ
ئیتر چاییش چەنە نەمەن.
سیاچەمانێوەگم بی
بینەکێ گرد

هەوار
هە... وار
ئی باخە و باخ
تەوەن
تە... وەن
وێڵێ بیێ شۆنیشەرە.
شیعرێشا شەهیدە کەردە
هەرچی دیوان بێ گرەوا
کتێبێ گرد
وێشا کوشتۆ
سەنگەو وەزنێ
خزا
و
یاگێنە نەمەنە.
ددانو قەڵەمێشا کێشا
ون ـ یش مجیا
و
بی
نی
ش
ماسا
و
هەرچی زوان بێ دەمەنە
گرد جەگۆ کەوت.
هۆ زەردەوەلە ناسکەکێ
باخو ئەشقی

**یەلدای شووم**

کە تۆیچشا وستینە قەفەس
هەرچی باڵداربێ دنیانە
پەلێش وستێ و
ئیتر نەشەقەو باڵی مێ و
نەجریوە...
چا سەرکەشانە.

68/9/5

# چەمەری

شیعرەکێ تۆم... ئازیزەکەم
بەسڕنا واتە...
و
سڕنا قڵیشا.
دام وەنە بە دهۆڵی زل
دهۆڵ دڕیا
چپنام گۆشو شمشاڵێرە
شامشاڵە وڵ وڵە بیە.
نیام دەمو نەرمە نایە
ڕەقە بیۆ.
پێچنام تەلو تەموورەیرە
بڕیە تەلێ تەموورەکەی.
کەردەمەنە دڵی کاسە و کەمانێوە
شەقش بەرد...
و
وردوخاش بی.
بەسیاچەمانێوە واتەم
سەربەرزایی
هەرچی سیاوچەمانەی بێ
گردبی بەتەم و تەمەلول.
کەردەم ملوانەو دەفێوە
دەفەکێ... شەهیدە... بیە.
بەهۆرە... چڕیەم و... هۆرەیچ

**یەڵدای شووم**
هاوارش کەرد،
زوانش لاڵ بی.
واتم بنویسۆش قەڵەمە
شەرماوە سیاوەش متەرە.
دام کاغەزی... ورش گێرۆ
کاغەز... گڕەش وەرەبیەنە.
کەوتانە ویرو مەولەوی
هانام بەردە چەمەریەکێ
یانە و دڵیش...
"نامەکەت یاوا چەمەمەریم بەرزبی
شادیم شێویا شینم سەد تەرزبی"
چەمەریەکێ...
زاناش کەچەمەریم بەرزا...
و
دەمش کەردۆ...
و
شێعرەکێش بەردی دەمشەرە... و کەردەش گڕە.
ئانەن ئازیزم... کەئیسە
هەروەخت چەمەریە چڕۆ
نا.. گرەوۆ،
لوولەپێچ بو... ئاسمانی پان
کوێ سەختێ دڵا لەرزا
هەرسی هەوری وەرێباوە...
و
هەورە ترێشقە...
ئایێر مدۆ قژێ وێش...

و
چەنی شین و چەمەریەکێ
بەرز بۆوە ناڵە و ڕۆڵەڕۆیش.
شیعرەکێت ئازیزم... ئیسە
چەمەریەنە...
و
کەگرەوۆ...
جەحەوت ئاسمانا
ویەرۆ...
و
چەنی عەرشی تێکەڵە بۆ...
و
خ
و
ا
ی
چ
گرەوۆ.

68/10/11

**یەلدای شووم**

## ***"باستیل"***

(پەی قەفەزە سامناکەکاو مەڵڵاخانەی)

باستیلو... من
ئادیواره بەرزتە وڕۆ
کەمن و سەدان چون منی ئاشتیوازش
قووت دان پێوه.
باستیلو... من
بنەڕەتو دیوارەکەیت سەرەو سەدان ئاشتیوازان
سەدان سەرێ و هەزاران ڕۆحێ ئازادێ
لوویی ئێمە
کەردێ تەوەنەو بنەڕەتیت.
باستیلو من
وێت... و لوویی... و جەللادەکێت
مشیۆ... مۆختا
بەناڵە و ئا کەللەسەرا
کەرۆحیچشا
دلێنە بێ،
شەققە بەرۆ
مشیۆ... چارلزو
لاو وێما
بەرە بێبەرەکەیت ماڕۆ و
ئازایانە
بێ دلێت... و
منی دزیای
وەشی وریای
بەناهەق کەلەبچە کریای

**قەقنەس**

بسانۆوە جەچنگاڵەو
ئادیشانە... و
دیوارەکەیت
بە نەعرەتەی پیایانەش
وڕنۆ و گرد سەرە و رۆحەکایچ
بەربارۆوە.
باستیلو من
ئی ڕاسیە... سەوای وەنەت ئاشکرا بۆ
راسیەوە تاڵ
کەژار چەنەش شیرین تەرا
پەی مەزاقو لوویی... و
باقی جەللادەکات.

69/2/30

یەلدای شووم

## *تینووی ژیان*

هۆ...
بەفراوە فێنکەکەی بەهاری کوێستانی وڵات
تینووم.. تینوو
گەلێ تینووم
ساتێ و ئەشقی زوڵاڵی کێوی ئاهوورا
بڕژێ و تینوێتیم بشکێنە.
بەفراوی کێوی تەختی سان
لەوسەرەوە
لەژێر بەفری سەهۆڵ بەستووی
نامۆ بەهەمەنی ڕێبەندا
رامەمێنە.
دوور بڕوانە
ئاگات لێیە...
کە هەڵوەدای چارەنووسی تاریك و لێڵ
چۆن لەدەشتی وشك و دڕکاویی کۆمەڵی
خۆشەخەودا
هەنگاو ئەنێ؟
تینوێتیی ژین ئەیخنکێنێ... و
دڵ تامەزرۆی بەفراوێکە
بڕژێتە سەرزاری هەستی.. و
تینوێتیی ناخی بشکێنێ؟
کەچی نەك بەفراوی کێوێ...
هەر قوڕاوی خەستی ڕق.. و نامۆییە
بینی بیری ئەتاسێنێ.

**قەقنەس**

دور بڕوانە...
ئائەو ئاوارە قڕ بووە...
منم...
منی تینووی ژیان...
لێو شەقاری سەرما بردووی رێگە ونبووی
دەشتی چۆڵ و پڕلەدڕك و داڵی پێتەخت.
دەبمناسە... و
بڕژیَبەسەر بیر... و هۆشما.
ساتۆ... و ئەشقی زوڵاڵی كێوی ئاهورا
هۆبەفراوی فێنكی بەهاری وڵات
لەچۆڕاوگەی ئەشقی هەمیشە زیندووتا
لەم دەشتە چۆڵەم دەربێنە...و
تینوێتی ناخم بشكێنە

بەهاری 69

**یەلدای شووم**

## ***نهێنی***

خۆشەویستم..
خۆشەویستیم،
لە تاریکترین سوچی دڵتا بشارەوە.
گە بزانن خۆشەویستم...
خۆشەویستیم لە دەروونتایە و بەس بۆ تۆش
سنگت دەدڕن
کوێرە ڕقیان
قەت نایەڵێ لە بێستانی هیچ دڵێکا
تۆوی خۆشەویستی بڕوێ.
خۆشەویستم...
لێم زیز مەبە
و
بیشارەوە وەك نهێنی
خۆشەویستیم.

69/5/10

## *تاسەی دووری*

خۆشەویستم...
لێم زیز مەبە و
مەڵێ دووریت تاساندوومی.
بەچاوی تۆ
لەخەیاڵمای
لەخەیاڵتام
تەنانەت ئەو کاتانەش وا
سەرمای شەوی بێپێخەوی هۆتێل کارتۆن
تەزاندوومی.
خۆشەویستم...
ئەی ئەو کەسەی
کۆڵانە پڕ دڕکەکانی جەنابی حیزی کاکە نان
چاویان لەبینینی بەژنت
بێبەش کردووم،
دڵنیابە
سی شەوگاری سارد و سڕە
لەبازاڕی رەنگینی شاری خەوانما
ملوانکەی زێڕ ئەهۆنمەوە...
بۆگەردنی ئاڵی ناسک و نازدارت.
دڵنیابە...
سیشەوگاری سارد و سڕە
لەناو باخی رازاوەی شاری خەوانما
کۆشکی بلوور ساز ئەکەم... و

**یەلدای شووم**
جێگای گەرم و نەرم و خۆشی لێ ڕائەخەم،
بۆنووستنی ساوای نازداری خەیاڵت.
دڵنیابە..
سی شەوگاری سارد.. و سڕە
لەنانخانەی شەوی خەوما
نانی گەرم ئەبرژێنم،
بۆ کۆرپەی برسیی ناو بێشکەی بێنازی ئەوینی پاکت.
بەڵام... بەڵام خۆشەویستم
کەڕۆژ دادێ
خونچەی خەونم ئەژاکێنێ
کە ڕا ئەبم
هەر دڕکودالّی کۆڵانی
جەنابی حیزی کانانە
لێم ئەتەنێ... و
بزاوتی هزرم ئەبەستێ.
خۆشەویستم...
لێم زیز مەبە... و
مەڵێ دووریت تاساندوومی
بەچاوی تۆ
لەخەیاڵمای
لەخەیاڵتام
تەنانەت ئەو کاتانەش وا:
سەرمای شەوی بێ پێخەوی
هۆتێل کارتۆن تەزاندوومی.

تاران/ زستانی 69

# راز

کوڕم ئەدهەم
بێ تۆ وبێ کانی و بەفراوێ
سی شەوگارێ یەلدا شێوێم کەردێوە ڕۆ
کەچی تامێ دووریتا رەنگە مدۆوە
چی سی شەوگارە دێزەنە... سەد شەقامێ
شەقار شەقارێم دێوەر..
و
هەزار گەڕەکێ گێڵانێ...
و
هەزاران بەرێم دێ وەنە.
کوڕم ئەدهەم
ئێندە بێ تۆ و بێ کانی و بەفراوێ مەنا...
تامانگەو لەم ئینتیلایا...
هەرەسئاساو ڕابڕانی...
ئاما و وڕا
ملوو ڕۆح و گیانیمەرە.
مانگەو ئینتیلا کەردەکا چند شەوێ بێ...
و
منی ناچار جە شەوەزەنگێ برقینەو درواشەنە
پەنام بەردە... وەروبەرەو... دهۆڵخانەو
درۆزنە ئینتیلا کەردەکا
تەنیا بەشێ بڕیا پەنەم
ناڵەی نزیك و نالەبارو
دهۆڵەکەو ئادیشابێ...
و

**یەلدای شووم**

زەردەخوەو... سوکایەتی
لەمە ئینتیلایەکاشا
ئیتر ڕۆڵەم
گۆشێ دڵیم کەڕێ بیێ و فامو ڕۆحیم شێویا یۆرە و
هەرئاشەوە
پەنام بەردە وێرانەو بایەقوژێوە..
و
هەژارانە ویرم کیاست لاو هەژاری...
کەئاماوە،
گردگیانش سەردایە لەرزێ...
و
لچێچش گۆ نەگێرێنێ
ناچار پێخامو هەژاریش نیابێنە دوتۆ دڵیش
لکێم کەردۆ
رۆلە زوانو هەژاری بێ
خزا و وێش وستەنە دەمم
دەمم بێوادە کریاوە:
"چەپ گەردی گەردوون گەڕان کوشتمی
نەزان پەرستی بۆنان کوشتمی
هەرچەوسانەوەی بێ حەسانەوە
ئەی مردن لەکوێی ژیان کوشتمی."
تاران/ مانگی (ڕەمەزان)ی 69

# دونیای تایبەتی خوا

کەوتوومە نێو زگی برسیی ئەژیهایەکی چڵکن...و
تادێ، لەناخی ڕۆئەچم.
تادێ، ئەم ئەدیها زلە
قووتم ئەدا
ئەم ئەژدیهایە چڵکنە
زگی.. زلە
زل وەك چاڵی تاریکی وەیل
من سەرەوخوار بەرەو کونجێکی ڕۆئەچم
هەر ئەچم... و
هەر.. دوایی نایە.
کەقووتی دام
لەناو دەمیا
نێوان گەروو... و کاکیلەیا
کە داختر بوو لە ئاگری جەهەندەمی بێمروەتی
رەحمی خوا،
بەکڵپەی ئاگری ڕقێك
نێو چەوانی سواق دام... و
بەپیکێکی ئاسنی وئاگراویی کوشتارگە زلەکەی
دۆزەخ
مێشکی یەکەلا کردمەوە... و
بەیەکێلەسەدان زمەی سوور کراوەی
کڵپەی گڕی سووتێنەری دۆستایەتیی پەروەردگار
زاری بەستەزمانی داخ کرد.
ئێستاش کەهێشتا لەناخیا

**یەلدای شووم**
ڕۆ ئەچم... و
هەر قووتم ئەدا
نەچاوم هەن تاببینم
نەمێشك لەكەلەمدا هەیە هۆشم باتێ... و
نەزاریشم زمانی ماوە پێی بپرسم.
تەنیا.. و تەنیا...
ڕۆحێكە، ئەڵێن هی خوایە...و
دوو بڕناخە... و
گوێ چەپەمە بەنامۆیی.
ئەو ڕۆحەی ئەڵێن هی خوایە
ڕۆژوەوانێكی برسی بوو
بۆیە دەمكێردێكی تیژی هەسان دراوی چێشتخانەی خوا
گوێ ڕاستە بڕی و برژاندی... و
كردیە خۆراك بۆ شێوی رۆح
رۆحی ئەژدیها و هی منیش
سەریان كردۆتە ناویەك... و
ورتەیانە...
گوێچەپەشم
هیچ لەبۆڵەیان تێناگا
چاویش نەماوە ببینێ...
چۆن ڕۆحی من
چۆتە باوەش دەسەبراكەی... و
هەرئەدوێن؟
بڕناخیشن بەبۆنی پیس... و
گەنیوی زگی جەنابی ئەژدیها

ئاخێنراون.
ئیتر هیچ...
هەرهیچ نەماوە
بڵێم هەمە...و
لەناخی قوڵی ئەژدیها
سەرەوخوار
هەر ڕۆئەچم... و
دەنگی کلۆڵی شیوەنێك
بەئەسپایی
بۆپشتەوەی پەردەی تاقە گوێچەپەم
دزە دەکات
ڕادەمێنم:
دەنگی نوساوی شیوەنی
دڵی تەنیا... و کزۆڵەمە
لەسوچێکی چۆڵی لەشما
خۆی لەرەحم و مروەتی خوا حەشار داوە.
بێزار لەو بۆنە بۆگەنە... و
لەترسی کێردە تیژەکەی چێشتخانەی خوا
کزەی لێ دێ،
کە نەیدڕێ و توای نەکا
بۆ پارشێوی رۆحی برسی.
لەو دونیا بەرینەی خوادا
لە زیندانی بێ بنی زگی ئەژدیها
سەیری خوێناوگەی گەنیوی
ئەو چێشتخانەیە ئەکات... و
بە دەم پرمەی گریانەوە

**یەڵدای شووم**
بەتەوس و هەنسك دانەوە

چەمەری
بۆمێشك ئەگێڕێ... و
گازندەکانی مەولەوی
لەخوا دوپات دەکاتەوە:
"خەیلێوەن خەریك زاکەی زەحمەتم
بەڵکە وەڕا بوبەرشو عوسرەتم
فەڵەك جەبەختم مەگەس مکیانۆ
وەڕاکەی رەحمەت هەمدیس مڕیانۆ"
تاران/ زستانی 69

یەلدای شووم

## ***ڕۆ، مانگەشەو***

ڕووجیار...
وەرمی بەردەبێوە
مانگەشەوەیچ دیارش نەبێ
جە بێدەنگی... ئا تاریکەسەڵاتینە
ورتەورتێ کەوت گۆشو دارستانەکەی:
بەوەرزێ وات...
"ئینێ جلێ هەقەتینێ"
کەڵەشێرێ،...
کوچێ سەرەش بەرئاردەبێ...
و
پەرساش بە تەرسێوە تاڵۆ
"ئەی کۆنە مانگەو ئێشەوی؟"
کەکڵەوانێوە قلیاوە
و
واتش"مەردە:
من و بەوەرزی کاکەڵێم
واتما هەسارەو سوەیلی
کەوتەن چاڵی...
و
ئاگێلێما... کیانا شۆنەو لێژەڕاو گێلی وێشەرە
پەی قووڵە سیاوە چاڵەکێ نەدامەتی"
کەڵەشێر دڵش پەڕ بی گرەوە
تاجێ سوورەو پۆپیش شێویا...

پەلێش گرەوێ...
و
تاجە سوورە شێویاکێچش،
هەرسیش متێ:...
"ڕۆ مانگەشەو
ڕۆ مانگەشەو"!
کەکڵەوانەکێ قلیاوە...
و
چەنی بەوەرزە دێزەکەی
دەسشا کەرد گۆرانی واتەی:...
"هوهو، هوهو
ئینە جلێ هەقەتینێ
هوهو، هوهو
بدیە ڕۆما چەند رۆشنا؟
چەنی مازمێ...
ئا مانگێ تاریکنۆشەرە؟
هوهو،هوهو
بدیە ڕۆما چند ڕۆشنا؟
هەرکەس واچۆ
ڕۆ...
رووجیارا،
درۆزنا"!

69/11/8

## یەلدای شووم

# *هاواری شوان*

بۆ(هاوار)ەکانی شڤان پەروەر و ڕاپەڕینە
مەزنەکەی باشووری کوردستان
شوانە گیان...
کاتێگورگ... و ڕێویەکان
لەشەوەزەنگی نووتەکا
هەڵمەتیان هێنایە سەرت و
پەچەیان لەتۆز و خۆڵ و خوێنی مەڕەکاندا خنکاند
هاوارت کرد:
"هاوار... هاوار...
گورگگەل هاتن!
لەڕانیاندا و بزن و مەڕیان
هەموو کوشت و پەچە خنکا"
هاوارت کرد
بۆ هۆبەنشینەکانی
دەوروبەرت:
"هۆ... هاوسێکان...
هۆ هۆ هۆبەنشینەکان...
فریام کەون!
تەنیای تەنیام و گورگی هار،
گەرووی مەڕەکانی دڕی
و
منی تەنیاش
بە بێ هاوار و هەڕەشە و

زەرپی گۆچانەکەی ئێوە چم پێناکرێ"!
ئاخ شوانە گیان
لەو شەوەدا
گورگی هاری برینداری کەڵبەخوێنین
بۆ کوشتنی مەڕەکان و خنکاندنی پەچەی شەوت
هەڵمەتی هێنایە سەرت
هاوارت کرد
دۆڵی پەچەی شەوی خۆت...
و
سێلووتکە کێوی دەوریشت
هەموو بەهاواری ناخت دەنگیان داوە
لەچوار گۆشەی ئاسمانیشدا زۆرتر لە چل ملیۆن
فرمێسك
ڕژانە سەر سێلووتکەکە و دۆڵی پەچەی شەوی
ڕانت.
هۆ... شوانە ڕان خوراوە
دەرکراوە
بەجێماوە
ئاوارەکە!...
لەوشەوەدا کەگورگ لێیدای و قیڕاندت
هەموو هۆبەچییەکانی دەورو بەرت
دابووویانە پڕخەی خەو...
و
چاوی هەستیان نوقاندبوو
تا هاوارت نەبیسن
و

**یەلدای شووم**
ڕانەچەنن
ئەتۆش دەنگت لێ هەڵبڕی
و
توند و توندتر هاوارت کرد:
"هاوار... هاوار"...
هێندە لەناخی دڵتەوە هاوارت کرد
هەتا هاوارەکان یەك یەك
بوونە گۆچان بوونە شمشاڵ
بوونە شوان...
شوانەکان گۆچانیان خستە نێو ملی گورگەکان و
تاساندنیان
بەشمشاڵیش
ڕێویەکانیان هەموو تاراند و ئێستاکە...
مەڕ و بزنەکانت هەموو
لەپەچەیەکی بەرینا مۆڵیان داوە
گەلێپانتر لەدۆڵە تەسکەکەی پێشوو
لەلەوڕگایەکی سەوزا ئەخولێنەوە
بەربڵاوتر لەتاقە شیوەکەی پێشوو
ئێستا...
هۆ... شوانی مەڕ پەروەر
بەسەر تاشەبەردێکەوە
هێندە بەرزتر لە گشت لووتکەکانی ئەوجار
کەگورگگەل دەوری لێئەدا
دانیشتوویت و بەشمشاڵە چوار کونەکەت
ناسر و ماڵماڵ ئەژەنیت.
شوانە گیان

ئێستا...
کە گورگ و ڕێویەکان
راونراون
و
تۆ و ڕانەکەت ئاسوودەن
و
سەربەست... سەربەرز
دێن و دەڕۆن
شمشاڵەکەت بێنە دەنگ
و
هەوایەکی حەیران هەڵکەو بیسەلمێنە:
دیکەی شوانە تەنیاکانیش
باش ئەتوانن هاواریان بکەنە گۆچان و شمشاڵ و شوان
هەتا هەرچی گورگ و ڕێوی هەن و ئەبن
ڕاویان نێن
و
مۆڵگایەکی پان و بەرین
بۆمەڕەکان بەدی بێنن

بەهاری 70

## *دوا دەنگوباس*

(پەی دهۆلژەنەکا مەڵڵاخانەی)

دوا دەنگوباس؟
هەر هاوارە و
تاسێنراوە
هەرمێشك و دڵی ماندووە و
بێباییە
هەر شادیە بۆتە خەم و
پەژارەیە و هەڵئەپەڕێ.
دوا دەنگوباس؟
جاڕچیی تازەی کۆنتر لەبەرد زۆر هاتوون
لەناو شارا هەر جاڕ ئەدەن:
"هۆ... خەڵکینە
هۆی پێشکەوتی ئێوە
تەنیا گریان و فرمێسك ڕێشتنە
هۆی شانازی و پیاوەتیتان
هەر ردێنە
هەرکەس وەکووکاتی بەردان بژی
ژیرە
ئەوەی ردێنی نەبێو نەگری
ئەمڕۆ گیرە"
دوا دەنگوباس؟
هەر شێتە و شێتانە ئەڵێت:
"ژیرتان منم

میرتان منم
جێی باووباپیرتان منم"
دوا دەنگوباس؟
هەر ڕێوییەو ئەڵێ‌شێرم
هەر شێرەو پەلبەستی ڕێوی
هەر دڕکەو ئەڵێ:
بۆنم کەن.. چەندەخۆشە
هەرگوڵی دوێنێیە ئەمڕۆ
بەدڕك و داڵا لێی تێ‌ئەگەن
هەموو نرخەکانی دوێنێ
ئەمڕۆ لەسوچێکا
تەنیا
نووچیان داوە و...
دوا دەنگوباس؟
هەر هاواروڕۆی ئەوانە و
تاسێنراوە

70/7/5

**یەڵدای شووم**

## ***... وای تازە***

چەند ساڵە
...وا هەر... وایە... و لێ ناکەوێ
نەگریس
نەگریس
پیرە
کەنفتە
قڕتاڵە
گیانی ماندووم لێی تووڕەیە...
و
بەدەنگی بەرز
لەناخی ڕۆحی پەشێوما
هاوار ئەکەم
ئەقیژێنم
من نامەوێ.
چەندین ساڵە
دونیا هەیە...
و
...وا هەر ...وایە
تا کۆنتر بێ, نوێی ئەزانن
پیرتر ئەبێ‌ئەڵێن لاوە.
دەخەڵکی دونیای چەواشە
گەر... هەتانە لەئەقڵتان بپرسنەوە
ڕاستە؟ ... وایە؟
چەند سەد ساڵ

**قەقنەس**

زەوی ئەگەڕێ...
و
ڕۆژ ئەنوێ...
و
...یەك بووە
نەرۆژ زمانی هەیە بڵێ...
و
نەزەویە سەرسام بووەکە...
و
نەئەم خەڵکە سەرگەردان و
دڵ ساویلکەیەش تێ ئەگەن,
کە چۆن ساڵێك بەسەر ئەچێ,
چۆن تەمەنێك دوایی پێدێ,
تەمەنی ئەفسوونی ئەویش
بەسەر چووە.
من تازەم...
و
بەتوڵە ڕێی لاروخیچی
هەزاران ساڵەدا ناڕۆم.
لەناخی ڕۆحی پەشێوما
یاخیانە ئەقیژێنم
نـــــــا...
نامەوێ.

70/9/5

## کۆچ

قالەمەڕە
تۆ و جوانیت
دەمێ دەوە شمشاڵەکیت
نەواو وەشەو برایمۆکیم پەی دەوەنە
هەمتەرسۆز و سەیدەوانی
بارە وەیاد
بالاوك و حەیرانەکەت
حەیران کەرۆ هەستی پەستم.
هۆ قالەگیان...
چێشتەر
بێژگەم نەواو وەشەو
برایموکی
و
سەیدەوانی
دڵی خەمینم بلاونۆ
ئەگەر لاوك و حەیران نەبو
ئیتر بەکام شێوە تاوو چەنی قورسی بارو خەمو
کوچو کاوترە چەرمێ.... زێدی تەنیایم
تاقەت باروو؟
ساتۆ و جوانیت
قالەمەڕە جەخەم پیرم
هەمتەر نەواو برایموکی...
و

**قەقنەس**

سەیدەوانیم پەی دەوەنە
هەتا سوزو وەشو وێت و شمشاڵەکێت
خاموش کەران...
گڕێ گەرمەو...
کڵپە و نائیرەو هیجرانو کاوەترە گم بیەکێم.
هۆقالەگیان...
هەم دەش وەنە شمشاڵەکێت
هەم دەش وەنە.

70/11/20

## ***ئا... وا... رە***

(پەی راویارە مانیایەکاو کۆڕەوی)

کوڕێ گولانە...
ساوا و هەتیم
جەیانەکەو تاتەیشەنە
بە زەبرو تێلاّیاو دێدێش بەرکریابێ
بابەژەنێش بەتوورەیی زنیەبێوە:
"لوە.. گم بە
تانێ چەمی مووو لوتێنی
نەوینوتۆ چی یانەنە"
چا شەوێنە پاورا و تەژنە
ڕووت و قوت و بێدەرەتان
زیابێرە... و هەرخولیێوە
کۆلاّن... کۆلاّن
گەڕەك... گەڕەك.
گردو کۆلاّنو گەڕەکو شارەکەیشا
باقی زارۆڵەکاو دێدێش
گرتێبێنێرە پەی وێشا...
هیچ کۆلاّنێ نەمەنێبێ
هەتیمڵەکەش چەنە ژیوۆ.
ویرش کەوتۆ:
دوێ گەڕەکێ هامسێ هەنێ
پاو ئەویشا نزیك تەرێ
بەپای پەتی و لەمێ پاورا

پەلە کەوت ڕا پەی دوە گەڕەکە هامساکەی
یاوا نزیکو کۆڵانێشا
مدیو... مەتاوۆ، را بڕۆ
کۆڵانەکێ...
سەرەولێژی و سەرەوکۆیە
فراوانێش چەنە بێنێ
واران وارێ
نا... تەوەرگە
لێزمە کەرێ
سیاووابێ
هەور... و هەڵا
تاریك و کۆر
راکێ...
سەختە و پەڕ جەهەڕە و شەیتانەکڵێ.
یەواشڵانێ چێرۆ لچیۆ
بەڵام جەقوڵایی دڵیۆ
جۆرێ کە شەیتانەکڵەکێ
هاوارودادش نەژنەوا
هاوارش کەرد:
"هۆ...
خێڵەکەو مامۆ مچەی
هامسای خاس بە
تاق پەی ئێشەوی ڕام کەرۆ
بائێشەو ئاورایێ نەمروو
سەردا... رەقم نەکەرۆوە
باشەیتانەکڵێ... نەزانا...

**یەلدای شووم**
و
هەروێ چەمێم ورنەکڵاشا"
چوولای سەریۆ
مۆڕ مۆڕ یۆبە ڕوێ گرژۆ
قێڕناش ملو هەتیملەیرە
"یووخ یووخ...
یووخ یووخ...
ئیستەمرەم"
دەس...
و
لاق...
و
لچێش لەرزێ:
"هاوار...
هەی داد...
مەگێرۆم وێ
ڕەق بیانێ
نیمەم مەردەن
بەزەییش نمێوە پۆرەمەرە
ئاااای
خێڵەکەو مامۆسەفای هەر دڵ ڕەقا"!
زوو گێڵاوە رووەو کۆڵانەکێ تەرێ
ئادیچە لێژە...
و
هەڕینە...
و

پەڕ جە ڕواس و دمارەکۆڵێ
بەسۆز ناڵا:
"هۆ...
تایێفەو مامەسەنی
تۆ ڕام کەرۆ
تۆپیاوەتیم چەنی کەرە
تۆکەماچی پیاو خواینا
ساتۆ و خوات
تەنیا پەی شەوێ ڕام کەرۆ"
یۆ بەزەردەخۆو گاڵتەیۆ چپناشەنە:
"هەرچاگەبە
من نان و ئاوت پەی ماروو...
و
گەرمت کەرووە"
ماوێ مردا
بەڵام نە نان ئاما نە ڕزق
نەگەرم کریاوە نەوشك.
هورگێڵاوە
پەی گەڕەکەو مامۆسەفای
بەڵام بێسوود
کێ دیش دژمەن واڕیۆ، بۆدۆس؟
هەر ئاشەوێ...
هەتیمڵە سەرگەردانەکە
فرەتەر جەیەك ملیۆنجاری
ئاماو لوا...
تا سەدجارێ

**یەلدای شووم**
مەرد..
و
دیسان...
زیندە بیۆ
بەڵام...
هیچ سوودێوەش نەبی
هیچ کەس نەپەرساشۆ وەنە.
لوێوە یانەکەو تاتەیش
دێدێش کوشێش
گەڕەکەکای تەریچەنە
وردە زڕیەتەکێ دێدێش گێرێنێشەرە سیخورمێ
کۆڵانە تەنگەکایچەنە
شەیتانەکڵێ
هەروێچەمێش بەرئارێنێ
دوێ خێڵێ مامەسەنی و مامۆسەفایچ
بە ویارای...
و
بە مۆڕی
جوابش دێنێ:
یۆ واچێ (خەیر)
ئەوتەرشا (یووخ)!
بەسەزوانە
فرەتەر جەیەك ملیۆن جاری ئاما... و لوا
سوودش نەبی
سەدان جارێ
یافرەتەر

مەرد و... دیسان زیندە بیۆ
بەچوار دەنگێ..
چوارجار گرەوا
چوارجار قێڕناش
هەرچوار دەنگ و هەرچوار قێڕێ
ببێوە یۆ
بیێ هەور و گرمناشا...
دنیا لەرزا
ئاسمان و دنیێ
کەردشەرە:
وەشتو هەرسا و وەروەو ئاخا.
هەرگیز... جەهۆشم مەشۆوە
ئاماو... لوای ملیۆن جاری...
و
مەردەی سەدهەزار کەڕەتو
هەتیملەکەی.
وەشلەی زانێش
هەتا بابەژەنیش مەنۆ
تا خێڵەکێ مامەسەنی و سەفای... مەنا
ئاد
ئا...وا...رەن
ئاد
وەیلان و... سەرگەردانا
وەشلەی... فکرێش کەردێنێوە
هەرکەس کە ئاد فەقیرانە دۆسش زانۆ
دژو وێش و ئاواتە سەربەرزەکاشا

**یەلدای شووم**

وەشڵەی کەسش بەخۆڕایی نەگرتێ دۆس
ئەگەر سادە... و فەقیرانە
گردش بەدۆس نەزانێنێ
بەرنەکریێ جەیانەکەو تاتەیشەنە...
و
شەیتانەکڵێ
هەروێ چەمێش بەرنارێنێ
نا....
نارێنێ

زستانی 70

## بۆمەولەوی

ئەوا دیسان
بەهاری نوێ
لەسەفەری ڕێی دوورەوە
گەڕایەوە...
و
خۆی گەیاندە مەڵبەندی ژین
هەتا... خاڵ خاسانی شیعری
تەڕی مەعدووم
بەرێتە هەرد.
ئەوا دیسان
خەیمەی گوڵاڵانی بیری
پیری تاوگۆز
سێبەریان بەست
بۆجوانەبێری
بۆ عەنبەر.
ئەوا دیسان
لەسروشتی باخچەی بیری مەولەویدا
بەهار هات...
و
گوڵزاری زیندوو کردەوە
تابولبولی نێو قەفەزی بیری مەعدووم
لەدەرەوەی خونچە شیعریدا
ئازاد بێ...
و

**یەلدای شووم**
پڕ بەگەروو بچریکێنێ:
وەهارەن سەوزەن ئاوەن سەرکاوەن
هاژەی وەفراوان شاخەی شەتاوەن.
عەنبەر خاتوون,
ئای بووکی شیعری مەولەوی
سەرهەڵبڕە
ئەوا دیسان
بەهار هات... و ئەنیسەکەت
بەسەر هەموو تاشەبەردی
شاخەکانی هەورامانا
وەکوو بولبول ئەچریکێنێ:
بەزمەن شادیەن, عەیشەن نیشاتەن
کەیفەن شۆخیەن, شەوقەت حەیاتەن.
بەهاری 71

## زەماوندە

ئارۆ...
دیوانو مەولەوی جەژنەشەنە
شیعرەکێچش
پیر...
و
جوان...
و
نێر...
و
ماشا
جەحەوشەو بانو دڵانە
دەسشا گرتەن
بەڕەش بەڵەك وەش وڕ پڕا
هۆ... ئەدالێ کۆرپە شیعرەکاو مەولەوی
هۆرڕێزەوە
بەعیشوەو ناز
سەرچۆپیەکەی گێرە دەسۆ...
و
ڕەش بەڵەکو زەماوەندە و جەژنەو دیوانو مەولەوی
رەنگین کەرە.
هو... مەژنوونە لەیل مەردەکە وەس گرەوە
هەرسیت بییێ بەلافاو و
کێلەو لەیلێشا دارناوە

**یەلدای شووم**

وەس گرەوە
ورزە شیعرێ تەڕوتازێ
بنیەرە پەی...
زەماوەندەو شیعراو دیوانو مەولەوی...
و
ڕەشبەڵەکشا گەرم کەرە
ەۆ...
نەکیسا و باربودەکا هەورامانی
ئادەی دەیدێش چەپڵەڕێزان
دەنگێ وەش...
و
بەزمێ ئامان لەرزانەی
و
سڕنا... و دهۆڵ
گردیتاوە
رەشبەڵەکو زەماوەندەو شۆخە شیعرەکاو مەولەوی
گەرمە کەردێ...
و
ئی دوە شۆخە شیعریچشە
کەردێ پاوەیوە و... وەیوەکێش:
"ئەی دڵ مزگانی ئاما کۆچی یار
شای شادیم سەردا خەمان کەرد فیرار
ئەساسەی شادی نەدەرون جەمەن
ئانە هیچ نەبۆ نەدەروون خەمەن"

بەهاری 71

## وەهارو نەوەدو دوێ هەڵەبجەی

هەڵەبجە دیسان وەهارا
نەك چون وەهارەکەو پاری
نەك چون وەهارو ئاساڵێ
کەژیوایت بی ژارو ماری
هەڵەبجە وەهارو ئارۆی
وەهارو ئەشق و ئاواتین
وەرزو جەژنەو کاوە گیانی
وەشی و ئازادیی وڵاتین
ئارۆ بەیادو پارو تۆ
ڕۆڵێ کاوەی ورئێستێوە
گورزی گرانشا گرت دەسۆ و
ئاواتێ گمێشا ئێستێوە
بیێ واران مجیە زەمین
تادارو ئاواتی دارا
دارپاراوبی و هەڕاڵەش کەرد
شنەش مێ ماچۆ وەهارا
تۆ و تەوێڵی و بیارێ و خورماڵ
تا کەرکوك و سلێمانی
وەهارتا ئاماوگەشیایدە
بە ونەو ڕۆڵا کاوە گیانی
ئیسە دوژمن بابەڕۆشا
ڕۆڵێ ئێمە نیانشاتار
ئیسە جیای پێرارو تۆ
ژیوای ئادی بی ژاری مار

**یەلدای شووم**

71/3/31

# داو

"پەی کۆچی گێلغەریبانەو دکتۆر قاسملووی"
هۆ.. کاوەترە بێباڵەکێم
مەلە
مەلە
مەگەر پەلە
جەی دەشت چۆل مازەم جیا
ئەمن بێتۆ
تاق و تەنیا
کەی تواناو گێڵایمۆ هەن هەتا هیلیانەکێ پاریم؟
ئەمن بێتۆ
کەی تامڵم هەن گوش دەروون بەسۆزەکەو
قالەمەڕەیت؟
ئەمن بێتۆ
تاق و تەنیا
کامەن گۆشم؟
کەبژنەوون ناڵەی بڵبڵەکەی باخت عەلی ئەسغەر!
نا... نا...
مەلە... مازە جیا
منی تەنیای
ماتەم زەدەی
دەس بەسەرەی
دەربەدەری
راویەرەی
پەڕ خەتەرە.

**یەلدای شووم**
هۆ... کاوەترە بێباڵەکێم
واتم مەلە... مازەم جیا
بەڵام لوای
واتت ملوو...کەلوایم بێئەسەر نیا
واتم مەلە...
ئانە دانە نیەنە کەتۆ
باریش پەی قوتو بەچکەکات
واتم مەلە...
ئاخر ئانە نەك دانەنە
کەدامەنە
کەدامێ بەردەوامەنە
ئەو سەیادی شێتە وەحشی
نیەنەش راو راویاریت
بەڵام لوای
واتت ملوو
ئاماو دانەم ئاردە پەرێ
بەچکە ئاورایی کێشەکام
وەختەچ لوای
دیت کە ڕاوچیی شێت و نەفام
گرتیش بەدام
باڵێ چەرمێش ماڕای هەتا
باڵێ نەگێری جارێتەر
بەچکەکێچت
کەس نەبۆ دانەشا دەرۆ
فێرو باڵ شانایشا کەرۆ
هەتا کەکڵەوانە کۆرێ شەوپەرەستی

**قەقنەس**

بەششا وەرۆ.
هۆ... کاوەترە بێباڵەکێم
ئیسەکە باڵە چەرمەکێت
بە تێخو زۆڵە ڕاوچیێ ونینێنێ
بەچکەکێت دەنوکشا کوڵا...
و
ئاورایە... جیکەجیکەشانە
بەڵام کەکڵەوانە کۆرێ شەوپەرستی
وەش حاڵەنە... و بەهوهوی تاڵ و ناحەزش
تێر و تەسەل مەقلیۆوە...
و
منی تەنیای
مازی مەڕیای
خەمین کریایچ
راوگێڵایۆ هیلیانەکێم
چی شەوگارە تاریکەنە
گمەبیێنە...
و
بێتۆ مەتاوو گێڵوووە
نا..
مەتاوو.

هاوینی 71

**یەڵدای شووم**

***بۆ "پاییزی 1353"***
***و کۆستی کۆچی باوکم***

ئەمشەو گریام
هەرچەند هەمیشە گریاوم.
هەرچەندە فرمێسك ڕشتن و شین بۆدڵم
بۆژیانی بێحاسڵم
ئاساییە
بەڵام گریانی ئەو شەوم
هێندە تاڵ و کوشندە بوو
کەنۆزدەجار مردم و زیندوو بوومەوە.
نۆزدە ساڵە دڵی تەنیا و بێهاودەمم
دوچاری چنگی خەمێکە
خەمێکی بەرز وەك (تەختی سان)
پان و بەرین
وەك پانایی (نوەیجەڕ) و (خڕکە) و (هەیا)
وەکوو ڕێخەی پیرە دارەگوێزی (تەختێ)
خەمێکی نامۆ و نەناسراو
بەدرێژایی ساتەکانی نۆزدەساڵە
دەروونی هەڵپڕووزاوم ئەخواتەوە... و
بۆی گریاوم.
بەڵام گریانی ئەو شەوم
لەگەڵ هەموو گریانێکم
پانایی ئاسمان و دەریا نێوانیانە
هاوڕێم!...

گریانی ئەوشەوم
نەك شیوەنی مێر منداڵی باوك مردوو و
دووجار دووبار هەتیو کەوتوو
نەك گریانی هەتیوێکی سەرکزی دەستی باوەژن
نەك شیوەنی بێوەژنێکی شوو کوژراو و
وردیلەی بێ ناز دەورەداو...
نا... نا... هاوڕێم!
من ئەوشەو بۆ پێنوسێکی تەنیا گریام
کە نۆزدەساڵ دڵۆپێ‌فرمێسك
لە گلێنە تەنیاکەیا قەتیس مابوو
نەئەڕژایە سەر کوڵمی زەردی کاغەز و
نە وشك ئەبوو...
بەڵام ئەو شەو
دوای نۆزدە هەنسکی تاڵ
کەدڵۆپە فرمێسکەکە گیانی گرت و
لەبیبیلەی چاوی کزی ئەو پێنوسە تەنهایەدا خزایە خوار
ڕێگای گۆنای زەردی کاغەز لێی داخرا..
و
نەیزانی بڕژێتە کوێ..
و
تەنیای تەنیا
ئاوارە بوو...
و
نەگەیشتە ئاواتە نۆزدە ساڵەکەی.
بەڵێ هاوڕێم

**یەلدای شووم**

ئەمن ئەو شەو
بۆدڵۆپە فرمێسکێکی تەنیا
و
بەئاوات نەگەییو
بۆسەر گۆنای کونکون کراوی کاغەزێك
کەپاش تاڵاوی تەمەنێک
چاوەنواڕیی و تینوویەتی
ڕەنگی فرمێسکیشی نەدی...
و
دڕا...
و
شڕشڕ کرا
گریام
گریام
گریام...

پایزی ٧١

## ڕەش؟ نا...

زوانێش گۆ وستێبێنێ
تاریکایی بێ مانگەشەوەو زەمینی
وەرو شەماڵیش گرتەبێ
هەورێ سیاو
وەرگی کەسکون
کەڵبە ونین
پیر بەدیۆمن
لوورەش کەردەبێ گوشوارەو
تاریکە سەڵاتو شەوێ
تەنیا...
دڵی باخچێوە نیمە وشکینە
هەمیشە وەهارێوە
تەنیا
چفەش ئێ چەنی پووشەکەی
لوورەو پیرە وەرگی
جارجار
سرتەو گوڵەکەی خنیکنێ...
و
کە شەماڵ ئێ بەدزییێوە
وزێوە گوش... چفەو هەمیشە وەهاری:
"من ڕەنگەم سوورە ڕەژییێنە
سوورایی کانەو چەمەکام
دلێیەرگی سەوزیمەنە
هەر ورشەش مە

یەڵدای شووم
چەنی تاوو
لێفەسیاو کێشوو ملمەرە...
و
شارووە چەمە سوورەکام؟
نا.. نا.. هەرگیز...
جلێ سیاوێ مەکەروونە
هۆ مانگەشەو
بزیەرە پەشتەو هەورینە...
و
گێرەم باوشی
من مەتاوو جلێ سیاوێ کەروونە
نا...
مەتاوو".

72/6/26

## *غەوارە*

(بۆ هاوڕێ)
هاوڕێم... مەڕۆ
دڵنیابە ئەو دونیایە
دونیای مان... و ژیان نیە.
هاوڕێم...
ئەو دونیا دوور کوژە...
و
هیچیتر نیە... هیچ نیە
هاوڕێم...
ئەو دونیا
شارەکەی شەوارە کردووی سوارەیە

وشکە دەشتە
نەهاوژینانی لێئەژین
نەباخچەی پڕ هەڵاڵەیە.
ئەو دونیایە وشکە دەشتە
نەبەهارە... بەفراوی بێ
نەکانیە... کەئاوی ژینی لێبرژێت.
ئەی نابینی
سوارە ئەدهەمی پێیە... و
لێی ڕائەکات؟
هاوڕێم...
سوارە دێتەوە... و
خۆی لەو دونیا شەوارەیە... رزگار ئەکات.
هاوڕێم... مەڕۆ
دڵنیابە
ئەو دونیایە
دونیای مان و ژیان نیە.
بەس تریفەی مانگەشەوی بەر کانیاوەکەی خۆمانە
کەئەتوانێ...
ژیان و مان ببەخشێت و
چرۆی هیوا
لەناخی ژینا بڕوێنێ.
وایە هاوڕێم...
ئەو دونیا... دوورە
شەوارە
تاریك... و تنۆك... و چۆڵە
هەر شەوارە.

**یەڵدای شووم**

مەڕۆ... مەڕۆ
ئەو دونیایە وشکە دەشتە... و
بۆ تۆ... نامۆ... و غەوارەیە.
نەبەهارە بەفراوی بێ... و
نەباخچەی پڕ هەڵاڵەیە.
بمێنەوە
سۆزی سیمین ئاو بدێرە... و
کانیی ئەشقت جێمەهێڵە
مەڕۆ هاوڕێم.

تاران 72/8/1

## ***بولبولی خامۆش***

بۆ دەنگی زوڵاڵ و بێدەنگ بووی عوسمان
هەورامی

ئەو بولبولەی تا دوێنێ
لەناو جەرگەی گوڵە زەرد وسوورەکاندا
پڕ بەناخی ئەیچریکاند
ئێستا لاڵە
ئێستا دڕکی یاساوڵی باخچەی گوڵانی لێ زاڵە
ئەو بولبولەی تادوێنێ
بەجریوەی باخچەی هێنابۆوە سەما
ئێستا ماتە
ئێستا کۆتری ئاوارەی ڕێی نەهاتە
ئەو بولبولە، ئێستا لاڵە
ئێستا ماتە
ئەو بولبولە
ئێستا زەدەی تیری ژەنگاوی وژاراوی کارەساتە
74/2/20

**یەلدای شووم**

## *مەرگەساتی حەزوتاسە*

هوون هوون دەگریم...
بۆمەرگەساتی خەیاڵ و حەزی کەسکم
هەنسکی بیری تاساوم لێك دەئاڵێ...
و
مۆسیقایەکی مەرگاویم بۆئەژەنێ
دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکیشم
ئەبنە نۆتی مۆسیقاکە...
و
ورد ورد
هەموو رۆحی ماندووم
چەمەریەك ڕای ئەژەنێ
من... دارئەرخەوانی شێڵی
سەرخەزێنەی خەم و تاسەم
تینووم...
تینووی ئەشقاوی هەست و هەناسەم.
تەنیای... تەنیا
لەشەوستانی نووتەك و سارد و سڕی نامۆییما
نیشتمە ژێر تەرمی ئاوات...
و
بەرەو گۆڕستانی هاری حەزە شەهیدەکانم برد.
ئەمێستاش هەر
هوون هوون دەگریم
بۆمەرگەساتی خەیاڵ و حەزی کەسکم.

مەرگەساتە
مەرگەساتی حەزو تاسە
هۆپیرە کورد
تەنیا تۆ بووی
هەر تەنیا تۆ
منی ئەرخەوانت ناسی...
و
لەسەرچاوەی زولاڵی خۆشەویستیتا
ئەشقاوی پیرۆزت دامێ...
و
گەشامەوە
بەڵام...بەڵام
پیرە گەنجی باخەوانی ئەرخەوانان
چاوەڕوانی گوڵم مەبە...
هێشتا تینوو... و هەر بێڕەنگم
تەنیا حەزی کەسکم ماوە...
و
بۆمەرگەساتەکەی ئەویش هوون هوون دەگریم.
هۆ پیرە گەنج
گەر سەرچاوەی زولاڵی پڕ لەئەشقاوت
هێشتا ڕوونە
ئەمجارەشیان تێراوم کە.
هۆ پیرە گەنج
فریام بکەوە...
و
مەهێڵە

**یەڵدای شووم**
تەنیای... تەنیا
تەرمی حەزیشم بنێژم.

74/2/29

# یەلدای شـــــــــــووم

(بۆنەو شانزەهەمین دەهەو زەجریوە)
یەلدا..
بڕیۆ
بڕیۆ.. شۆنیت بڕیو یەلدا.
هیلاکەنا
ئاااخ.. چی تاریکەسەڵاتیە چند مانیانا
ئاااخ.. ئی شەوەزەنگە سیاوێ
کە شانزە ڕوێ درێژنە
چند ماننناناش.
یەلدا مەلۆ
یەلدا بنجەش بەستێنەرە...
و
گمە مەبۆ
شانزە شەوێن هەر یەلدانە...
و
مەبڕیۆوە
لیشکەو وەری ماتڵەنە...
و
من چەمەڕا
من سەردا بەردە و تاسەمەند
هەر چەمەڕا
هەر چەمەڕاو لیشکەو وەری
کەچی یەلدا

**یەڵدای شووم**
چارشێوێ سیاوەش گرتێنە وەروو وەری...
و
راش بەستەن...
و
نمازۆ شۆڵەوەیچش بەربێ.
چارشێوەو یەڵدای درێژنە
شانزە گەزێ...
و
هەرقەد کەرۆ.
هۆ هەسارەکاو ئاسمانی
هۆمانگەشەو
شۆڵە.. تریفە
ڕۆشنایی گیان
خەنجەرەکا میمیتانە باردێ بەر...
و
کێشدێشاوە کێلانەنە
تامڵ وەسێن
شەوکۆری وەس
تاریکی وەس.
وادەو ئانەین...
گرد پێوەرە
دەمەزەردێ کەرمێوە خەنجەرەکاما...
و
چارشێوەکێ یەڵدای دڕمێ...
و
بڕمێ ڕەگە سیاوەکاش

قەقنەس

یەڵدای تەفروتوونا کەرمێ...
و
دماو شانزە شەوەزەنگا
بێزمەێ رووجیاری گم بیەی.
شانزە شەوێن
رووجیار ماتڵوو ئێمەن...
و
ئێمەیچ چەمەڕاو رووجیاری.
دەی با یەڵدای
ڕیشە بڕمێ...
و
چڕمێ ڕووجیار
رووجیاری گەش
دماو شانزە شەوەزەنگا
شوڵەشانە...
و
ڕۆشن کەرۆ
دنیای تاریکەو ئی دنیە.
رووجیار
رووجیار
رووجیاری گەش
بزیە... و بدیە
چەنی یەڵداما تارنیا
پەی چاڵەقووتەو نەگبەتی؟
رووجیاری گەش
بزیە..

**یەڵدای شووم**
و
بدیە..
و
چڕە
میترا...
وادەو جەژنەو هەسارانە...
و
حەوتەوانێ سەماگێڕا...
و
مانگە سەرچۆپیشا کێشۆ
بۆ بائێمەیچ
بریقە وزمێ
لوتەوانەو گەلاوێژی...
و
چڕمێ سوەیل شاباشو سەربەرزی کەرۆ
چڕە... رووجیار
ورزە... میترا
کەوادەو نوور پاشیمانە.
74/10/1

## لێشاوی مەرگ

(برووسکە شەپۆڕێک بۆ کۆچی بێماڵاوایی ژیلای جوانەمەرگ)
ئاااااااااااااااااای...
ئەهریمەنی
مەرگ و نەمان
نەفرەت... نەفرەت
ئای نەگریستر
لە وەیشوومەی ئەژیدەهاک
ناسکترین باخە رەزی سوەیل رەشتووت
رەش داگەڕان
مەرگت باراندە ناو وەرزی ئەوینم ...
و
(تەرزە وردە)کەی بەهاری بەختەوەریت تواندمەوە
ئای نەنگینتر
لە رەشپەڵەی
نێوچەوانی دێزی
تەزویر
کوژاندتەوە
(ژیلەمۆ)ی دڵنەواییم...
و
ماڵۆچکەی هیوامت کردە
سەهۆڵبەندان
نەتویست (بەهار)ە ناسکەکەی کورتترین ژینی

**یەلدای شووم**
ژیلاکەم
گوڵ بدات...
و
لێت کردە زستانی ستەم
نەتهێشت (رامین) دەستی (ژینا) لەدەس بگرێ
ژینا و ژیلا
بۆ سەیرانی گوڵبەهاری هەناسە و هەست
بەڕیوە بوون
ئای نەفرەتیترین نەفرەت
بۆچی نەتهێشت
هەناسەی ژیان هەڵمژن؟
ئێستە من تەنیا و تەریدە
لەم سووچی (ستۆدیۆ)یەمدا
لەم بەستەڵەکی تەنیایی و خەمباریەدا
چۆن ئەتوانم
هانا بەرمە دڵی (گوێگر)؟
چۆن ئەتوانم
سڵاوی عەشق و هەناسەی بەختەوەری
بەڕووی هۆنراوەدا بدەم؟
چۆن ئەتوانم
(٣٢) وشەی
(شیعروئەدەب) و (بەختیاریی خێزان) گۆ کەم؟
چۆن ئەتوانم...
چۆۆۆۆن ئەتوانم؟**...**
لەم پایزە خەزانەدا
تۆ ئەی هەورە نەزۆکەکەی ئەهریمەنی مەرگ و

نەمان
چرای ژیلات کوژاندەوە...
و
ناسکترین
هەناسە و سۆزی هۆنراوەت
کردە بووکی بێدەنگ و خەمپۆشی کفن
منیشت لە ژاراوی خەم
لە کسپەی داخ
لاڵ و مەنگ کرد..
مەگەر گۆران داخی دڵم بێنێتە گۆ:
"پاییز پاییز، بووکی قژ زەرد
من مات تۆ زیز، هەردووک هاودەرد"...
من ماتەمزەدەی ونبوونی نەوگوڵی باخی خەیاڵم...
و
ئیتر هەر مەگەر مەولەوی
شینی ژیلام بۆ بگێڕێ...
و
سروشتی بۆ بلاوێنێ:
"پایز زەڕ، یەخ جام، جارشێوێ هەی تەم
دێرەن، سوارەن نەو عەرووس خەم"
مەریوان_ ٧٥/٧/٧

# کـــــــــــــۆتایی